ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# مجلة جامعة كركوك

## الدراسات الإنسانية

مجلة علمية محكمة

تصدر عن جامعة كركوك

كركوك / العراق

المجلد ١٢ العدد ٢ السنة ٢٠١٧

العنوان البريدي

العراق / كركوك / جامعة كركوك

صندوق البريد : ٢٢٨١ و الرمز البريدي : ٥٢٠٠١

E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# گۆڤاری زانکۆی کەرکوك
# بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان

کۆڤارێکی زانستی تۆکمەیە
لە لایەن زانکۆی کەرکوکەوە دەردەچێت
کەرکوك / عێراق

بەرگی 12 ژمارە 2 ساڵی 2017

ناونیشانی پۆستەیی
عێراق / کەرکوك / زانکۆی کەرکوك
سندوقی پۆستە : ٢٢٨١ هێمای پۆستەیی : ٥٢٠٠١
E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com

# هيئة تحرير المجلة


| | |
|---|---|
| أ.د. كريم نجم خضر | رئيس التحرير |
| أ.م.د. صباح موسى علي | مدير التحرير |
| أ.م.د. زين العابدين علي صفر | عضواً |
| أ.م.د. هادي صالح رمضان | عضواً |
| أ.م.د. علي خليل علي | عضواً |
| أ.م.د. عبد الرحمن محمد محمود | عضواً |
| د. وسام احمد عبد الله | عضواً |
| أ. م فلاح صلاح الدين مصطفى | عضواً |

التنسيق الفني والطباعة

دانا تحسين عبد الرحمن

# الهيئة الاستشارية

أ.د خليل علي مراد جامعة صلاح الدين -كلية الآداب

أ.د فائق مصطفى جامعة السليمانية -كلية اللغات

أ.د فليح كريم الركابي جامعة بغداد - كلية الاداب

أ.د توفيق ابراهيم صالح جامعة كركوك-كلية التربية

أ.د حسين عودة جامعة الكوفة -كلية القانون

أ.د عبد الفتاح علي يحيى البوتاني جامعة دهوك-

مركز الدراسات والوثائق الكوردية

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ١٣٠٩ لسنة ٢٠٠٩

# تعليمات النشر

* تهدف المجلة إلى نشر البحوث العلمية الرصينة ذات المستوى المتميز والتي لم يسبق نشـرها فـي مختلف حقول المعرفة.

* يقدم الباحث ثلاث نسخ من بحثه على ورق A4 إضافة إلى قرص (CD) .
* يجب ان لا يزيد عـدد صفحات البحـث عن (٢٥) عشرين صفحـة وإذا زادت تستقطع من الباحـث مبلغ قدره ألف دينار عن كل صفحة

* يتوسط عنوان البحث الصفحة الأولى , ويكون اسم الباحث على الجهة اليسرى العليـا من الصفحة الأولى للبحث , و إذا كان البحث لشخصين يكتب الاسم الثاني على الجهة اليمنى العليا مع كتابة اللقب العلمي و الجامعة والكلية .

* يتوجب تقديم خلاصة باللغة العربية والإنكليزية لكل بحث و بحدود (١٥٠_٢٠٠) كلمة يوضـح فيهـا الهدف من البحث والنتائج و التوصيات .

* يكون طبع الصور والمخططات و الجداول بأوراق منفصلة وتعطى أرقام منفصلة يشار إليهـا ويحـدد موقعها في متن البحث .

* المنهجية العلمية المتبعة

أ – التقيم : يرسل الى مقيمين اثنين احدهما داخل الجامعة والآخر خارج الجامعة وبسرية تامة وضمن الاختصاص .

ب – النشر : تنشر البحوث حسب الاقدمية وبما يوازن بين الاختصاصات .

*التخصصات العلمية ، ان المجلة باسم مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية لذلك تنشر فقط البحـوث الانسانية .

- اللغة المعتمدة : اللغة العربية هي اللغة المعتمدة في المجلة واللغات الاخـرى مثـل الانكليزيـة والكوردية والتركية وحسب الاختصاص .
- تكتب المصادر والهوامش في نهاية البحث وحسب ترتيب الحروف الالفبائية العربية

- الحقوق القانونية والعلمية للباحثين

١- ينشر البحث باسم الباحث ويزود بمستل من البحث .

٢- للباحث الحق في تقديم بحوثه للترقية العلمية او الاشارة اليها في بحوث اخرى

- المدة الزمنية بين تقديم البحث وقبول البحث للنشر

١- ثلاثة اشهر اذا كانت نتيجة التقييم للمقيمين ايجابية او سلبية كلاهما .

٢- في حالة تأخر الاجابة تمدد شهر واحد للتأكيد .

٣- في حالة رفض اعتذار احد المقييمن تمدد المدة الى ستة اشهر .

- اجور النشر

١- حامل لقب استاذ (١٠٠,٠٠٠) مائة الف دينار

٢- حامل لقب استاذ مساعد (٧٥,٠٠٠) خمسة وسبعون الف دينار

٣- حامل لقب المدرس فما دون (٦٠,٠٠٠) ستون الف دينار

# المحتويات



| ت | عنوان البحث | الصفحة |
|---|---|---|
| ١ | نيشانه واتايى و پراگماتييه‌كان له زمانى كورديدا<br>پ.ى.د. سه‌باح موسا عه‌لى<br>ماموستاى واتاسازى به‌شى كوردى<br>كوليژى په‌روه‌رده‌ى زانكوى كه‌ركوك | ١-١٥ |
| ٢ | اتحاف الخُلَفَاء في مناقب أول الخلفاء<br>تأليف عبدالله بن ابراهيم بن حسن المعروف بالمحجوب المكي الميرغني<br>(ت١٢٠٧هـ)<br>دراسة وتحقيق<br>د. كامران سعدالله عبدالله<br>جامعه گرميان / كليه التربيه | ١٥-٧٥ |
| ٣ | واقع التنمية السياحية في اقليم كوردستان ونتائجها الاقتصادية<br>م. سنور أحمد رسول م. نياز عبد العزيز خطاب<br>جامعة صلاح الدين – كلية الآداب | ٧٦-١١١ |
| ٤ | باب فتح نون المثنى<br>في : فتح المولى في شرح شواهد الشريف بن يعلى<br>لعبد الكريم بن مُحمَّد الفَكُّون ( ت ١٠٧٣هـ )<br>دراسة و تحقيق<br>م.م. ميمون عُمر حسن الدليميّ<br>مديرية تربية كركوك | ١١٢- ١٥٢ |

| ت | عنوان البحث | الصفحة |
|---|---|---|
| ٥ | الفاظ خلق الحيوان من ذوات الخُـف والحافر في كتب الفرق<br>– دراسة دلالية –<br>م. الدكتور صلاح الدين سليم محمد<br>جامعة الموصل / كلية العلوم السياسية | ١٩١-١٥٣ |
| ٦ | سیستەمی برایل لە زمانی کوردیدا<br>م.ی. هاوكار عمر خدر     م.ی. ساكار كمال واحد<br>زانكۆی سۆران     زانكۆی سەلاحەددین | ٢١٧-١٩٢ |
| ٧ | حماية حقوق الانسان في ضوء حديث حجة الوداع<br>والمادة الثالثة من الاعلان العالمي لحقوق الانسان<br>أ.د.جواد فقي علي     أ.م.د.ناهدة عبد الغني محمد<br>جامعة كوية / كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية / قسم القانون | ٢٦٩-٢١٨ |
| ٨ | ریالیزم لە رۆمانی (هەلكشان بەرەو لوتكە)دا<br>م.د.كەیفی ئەحمەد<br>زانكۆی كۆیە / فەكەڵتی پەروەردە | ٣٠٠-٢٧٠ |
| ٩ | المَظِنَّة<br>ودورها في تشريع الاحكام<br>العبادات نموذجاً<br>الدكتور صباح ستار سعيد<br>جامعة السليمانية | ٣٢٩-٣٠١ |
| ١٠ | ئاسایشی هزری لە روانگەی ئیسلامەوە<br>د. ناصح كريم عبدالله<br>زانكۆی هەڵەبجە / كۆلێجی پەروەردەو زانستە مرۆڤایەتیەكان | ٣٥٧-٣٣٠ |

# ریالیزم له ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا

م.د.کەیفی ئەحمەد
زانکۆی کۆیە / فەکەڵتی پەروەردە

تاريخ استلام البحث : ١٦ / ١ / ٢٠١٧ تاريخ نشر البحث : ١٩ / ٣ / ٢٠١٧

## پێشەکی:

ڕێبازی ریالیزم یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان, کە لە ساتی دامەزراندنییەوە تاکو ئەمڕۆکە بیر و هۆشی زانا و رۆشنبیرانی پێوە خەریکە, چەشنە ئەدەبییەکانیشی پانتاییەکی بەر فراوانیان لە لاپەڕەی کتێب گۆڤار و رۆژنامەکاندا داگیرکردووە. جا چ لەرووی رەخنە بێ یان بابەتی ئەدەبی, هەروەها ئەم ڕێبازە بەرەو رووی ونبوونی تەواو یان پاژەیی نەبۆتەوە وەکو چۆن هەندێ لە ڕێباز و تەوژمە ئەدەبییەکانی دیکە رووبەرووی بوونەتەوە. وەکو ڕێبازێکی ئەدەبیش لە سەدەی نۆزدەهەمەوە رەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکان لە هەموو ئاستەکان کاریان پێکردووە, جا چ شیعر یان پەخشان یان چیرۆک یان ڕۆمان یان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بێت.

-هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:تاکو ئێستا پێمانوایە, کە لەرووی ئەکادیمییەوە بابەتی وا باس نەکراوە, بۆیە بەباشمان زانی ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین.

-سنووری لێکۆڵینەوەکە: سنووری لێکۆڵینەوەکە لەڕووی بابەتەوە سنوردارمان کردووە تەنها باسی رەنگدانەوەی ریالیزمان کردووە لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی مامۆستا (عبدالله سەڕاج), کە ئەویش ڕۆمانی (هەڵکسان بەرەو لوتکەیە).

-ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ئامانجی لیکۆلینەوەکەمان ئەوەیە, ئەوە بسەلمێنین تا چەند ریالیزم رەنگیداوەتەوە یان ئەو ڕۆمانە گوزارشت لە واقیع دەکات و نوسەر تا چەند سەر کەوتوو بووە لە بەکارهێنانی توخمەکانی واقیع لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرە و لوتکە)دا.

-ڕێباز و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: لە نووسینەوەی بابەتەکە میتۆدی (وەسفی و شیکاری)مان بەکارهێناوە.

-ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتوە, لە پێشەکیدا کورتەی باسەکە و هۆی هەڵبژاردن و سنووری لێکۆڵینەوەکە و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە و میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان باسکردوە. پاشان ناوەڕۆکی باسەکەمان دێت, کە پێکهاتووە لە دووبەش, بەشی یەکەم لە تەوەرەکانی (زاراوە و پێناسی ریالیزم, ریالیزم و ئەدەب, ریالیزمی رەخنەگرانە, ریالیزمی سۆشیالیستی, ریالیزمی ڕامیاری, ریالیزمی مێژوویی) پێکدێت, بەشی دووەمیش لە تەوەرەکانی (رووداو, کات و سەردەم, شوێن, کارەکتەر, زمان, ئافرەت, رەمز و هێما) پێکدێت.

# بەشی یەکەم: ریالیزم و ژانرە ئەدەبییەکان

## باسی یەکەم: زاراوە و پێناسی ریالیزم

زاراوەی ریالیزم (Realisme) لەدوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم (Real) بەواتای (واقیع)دێت و بەشی دووەم (isme)، کە بەواتای ڕەوشتی ڕاستەقینە دێت[1]. ئەحمەد سالار پێی وایە، کە ((ئەم زاراوەیە لە وشەی ((Realiry)) واتە (الواقع) بەواتای (هەقیقەت) یش دێت، بەڵام مەبەست لەلایەنە واقیعیەکە واتە (Real) دێت ئەم زاراوەیە بۆیەکەم جار لە فەرەنسا بەکارهێنراوە بۆدانی واتای ئەو ئەدەبەی ڕووبەڕووبوونی ژیان دەچێت بە پێچەوانەی ڕۆمانیکیەکانەوە))[2].

وشەی ریالیزم بێگومان واتاو چەمك و پێناسی خۆی هەیەو لەلای زانایان فەرامۆش نەکراوەو هەریەکە بەپێی بیروبۆچوونی خۆی لێکیداوەتەوە. بەپێی قاموسی لاروسی فەرەنسی ((حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەی هەیە ))دێت، لەبواری ڕەخنەسازیشدا بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە، کە بریتییە لەو ((قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەی کە سروشت و واقیع وەك خۆی پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی بیکاتە نموونەیی ))[3].

لەبارەی ئەو هۆکارەی کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە، لەم ڕوانگەیەوە وا پێناسەدەکرێ، کە ((ریالیزم بەپلەی یەکەم کەشف و دەربڕینی واقیعێکە کە ڕۆمانتیزم یان گوێی ئەدەدایێ یان مەسخی دەکرد))[4]، هەرکارێك کە دەکرێت لەلایەن بکەرەکەوە بەو مەبەستە ئەنجامدەدرێت، کە سوودیکی هەبێت بۆ کۆمەڵ و مرۆڤایەتی، هەر لەو ڕوانگەیەوە(سانت سیمۆن) (١٦٧٥- ١٧٥٥) دەروانێتە ئەدەب، ئەو کە لە چارەگی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا فەلسەفەی سوودی بڵاوکردەوە، لەوێدا داوای ئەوە دەکات، کە پێویستە هەموو ئەدەبیات و هونەرێك سوودی بۆ کۆمەڵ هەبێت و کەڵك و سوود بە مرۆڤ بگەیەنێت، ئەگینا بە ئەدەب و هونەر نازانرێت. ئەم هەڵوێستەش وای لە نووسەر و هونەرمەندان کرد، کە خاسیەت و ناواخنێکی کۆمەڵایەتییانە بە بەرهەمەکانییان ببەخشن، کە ئەوەش خاسیەتێکی واقیعییانەیە.[5]هەروەها لەرووی فەلسەفییەوە دیارە تێگەیشتنی خۆی هەیە ئەویش بەواتای ((ئەو تیۆریەیە کە سورە لەسەر بوونی جیهانێکی دەرەوەی ئازادبیر، یان بوونی شتێ بەرامبەر ئەبوونی، یان بەرامبەر ئەو شێوانەی کە ڕەنگە بۆ بوون ببێت. لە مێژووی فەلسەفەدا بەوە ناسراوە، کە بەئاشکرایی بوونی تەواوەتی، واتایەکی دی هەمیشە کار لەتەك ((واقیع دەکرێت وەك بوونێکی گەوهەرین لە شتێکدا ،وەك بوونی خۆی.))[6]وەهەروەها لە پێناسەیەکدا وەك بابەتی هونەری ئەوەیە، کە ((ڕێگەیەکی چۆنیەتی هەست دەربڕینی هونەرمەندە لە ناوەڕۆك و ناوجەرگەی شتەکان، بێ ئەوەی ڕووی دەرەوەی ئەو شتە ڕێگا لە هونەرمەند وبگات، هەروەها بەرپەرچدانەوەی ڕۆمانسیزم بوو، کە هونەرمەندەکان هەوڵیاندا لە دەربڕینی ئەندێشەی ڕۆمانسیزم دووربکەونەوە، دەیانویست لاسایی شتەکان بکەنەوە... وەکو هەیە بابەتەکانیان لەبارەی چینە چەوساوەکانەوە بوو.))[7]

هەروەها ئەو ڕێبازە زادەی ڕێبازی تیۆری ڕەنگدانەوەیە, کە (هیبۆلیت تین) لە ڕابەرانیەتی, کە ئەو تیۆرە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەدەبێکی نوێی هێنایە کایەوە, کە بەئەدەبی سروشتی و ئەدەبی واقیعی ناوزەندکرا, ئەم ئەدەبە لە سەرەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیاو ئابوری کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە.

یەکێك لەکێشەکان لە ڕێبازی ریالیزمدا ئەوەیە, کە توێژەر ناتوانێ بەتەواوی و گشتی ئەو جۆرە ڕەوتانە دیاری بکات و لێکیان بداتەوە, ئەویش لەبەر زۆری جۆرەکانیەتی, چونکە ((هەندێ کەس زیاتر لە (٢٠)سی جۆریان لێ دەستنیشانکردووە))[8] هەروەها کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە, کە زۆر توێژەر ناتوانن سنوری ڕێبازی ڕیالیزم و ڕێبازی ناتۆرالیزم جیابکەنەوە, چونکە لە زۆر شوێن و بیرو بۆچووندا تێکەڵ بە یەکدی دەبن.

**باسی دووەم: ریالیزم و ئەدەب**

ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەی لە ئەدەبدا دەستنیشان کراون بە پێی قۆناغەکان بەناوی جیاجیا و هەر نووسەرەو بەپێی یەکێك لەو ڕێبازانە بەرهەمەکانی خۆی بەرهەمدێنێ, کە لەگەڵ بیرو بۆچوون و ئاراستەو جۆری بابەتەکە دەگونجێ, هەموو کەسێکیش ئازادە لەوەی چۆن دەنووسێ و بە چ جۆرە ئاراستەو ڕێبازێك دەنووسێ. ڕەخنەگرەکانیش بە پێی یەکێك لەو ڕێبازانە بەرهەمەکانیان پۆلێن دەکەن, کە بۆ سەردەمێکی ئەو ڕێبازە دەگەڕێتەوە یان بەگوێرەی بنەماو پرەنسیپەکانی یەکێك لەو ڕێبازانە بەرهەمەکەی نووسیوە.

جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە. ئایا ئەو نووسەرانەی لەسەرەتادا کە دەستیان داوەتە نووسین بەپێی یەکێك لەو ڕێبازانە, هیچیان لەبارەی ئەو ڕێبازانە زانیووە؟! یان چۆن ئەو ناوانەی کە لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازەکە ناوەکانیان دەدرەوشێنەوە بەپێشەواو دامەزرێنەری فلان و فیسار ڕێباز دادەنرێن هیچییان لەبارەی ئەو ڕێبازە زانیوە؟! بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لەبەردەستدان. بۆ ئەوەی باشتر لەوبارەیەوە شارەزایی و زانیاری پەیدابکەین, دەبێ بۆ سەردەمی گریکەکان بگەڕێینەوە, چونکە داب و دەستور و بنەماکانی زاناکانی ئەو سەردەمە دایانڕشتووە, کە لە کتێبی (کۆمار)ی ئەفلاتوون و (هونەری شیعری) ئەرستۆ و (هونەری شیعر )ی هۆراس خۆی دەنوێنێ. ئەوەش یەکلابۆتەوە, کە ئەو ناوە (کلاسیك) لەو کاتەدا لەئارادا نەبووە, ئەو نووسەرانەش شتێکیان نەناسیوە بەناوی (کلاسیك). گریك و ڕۆمانیەکان وشەی (کلاسیك), یان ڕێبازی (کلاسیك)یان نەناسیوە, هەروەها شکسپیر و هاوچەرخەکانی لە شاعیر و شانۆنامەنووسەکان لە سەردەمی ژیانیاندا ئەو وشەیەی (کلاسیك) و (ڕۆمانتیك)یان نەناسیوەو نەزانیوە, هەرچەندە بەهۆی شانۆنامەکانیان ژیانێکی ڕۆمانتیکیان باسکردووە, و زیندوو کردۆتەوە. بەهەمان شێوە شانۆکانی یۆنان و ڕۆمانیەکانیش, کە باس و خواسەکانیان ئەو ژیان و ئاکارانەی کە پەرمیانپێداوە کلاسیکین[9] بەم شێوەیە دەبینین یەکێکی وەکو ئەرستۆی قوتابی و ئەفلاتونی مامۆستای داڕێژەری داب و دەستورێکن, کە لێکۆڵەرانی ئەدەب لەم سەدانەی دوایدا ناویان بۆ داناوە, کە بە کلاسیك ناسراوە. دوای ئەوەی, کە ژیان گۆڕاوە و سەردەم گۆڕاوە و پێداویستی ژیان و خەڵکی گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

ئەو ڕێبازەش پێویستی بە گۆڕان و چاکسازی هەبووە، بۆیە ڕێبازێکی دیکە سەریهەڵدا، ئەویش ڕێبازی ڕۆمانتیک بوو، کە ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەرییە، لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بەدیارکەوت، بەتایبەتی لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا کۆڵەگەکانی خۆی داکوتا و دژی داب و دەستورە چەقبەستوەکانی ڕێبازێکی کلاسیکی .[10] بەڵام دوای ئەوەی سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد، دووبارە گۆڕان لە هەموو بوارەکانی ژیان هاتە ئاراوە، بۆیە بای ڕێبازی ڕۆمانتیک لە فەرەنسا و ئەوروپا و ئەمریکا کزبوو. خەڵکی تامەزرۆی ئەوەبوون، کە ئەدیبەکان باسی ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان بکەن. ئەم ئاواتەش لەلایەن هەندێ لە نووسەران وەڵامدرایەوە و هاتەدی، کە خۆی خواستێکی جەماوەری بوو، بۆنمونە (ستاندال)( ١٧٨٣ – ١٨٤٢ ) و (بەلزاك)( ١٧٩٩ – ١٨٥٠ ) و (فلۆبێر)( ١٨٢١ – ١٨٨٠ ) لە فەرەنسا، (دیفۆ)( ١٦٦٠ – ١٧٣١ ) و (فیلدینگ)( ١٧٠٧ – ١٧٥٤ ) لە ئینگلتەرا، دەستیان کرد بەنووسینی چیرۆکی ڕیالیزمی، کە لەژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکەدا ڕووی دەدا. ئەوەی جێگەی خۆشی و هاندانی ئەو نووسەرانە بوو ئەو ڕووتێکردن و پێشوازییە گەورەیە بوو لەنووسین و چیرۆکەکانی ئەو گەورە نووسەرانە کە لەلایەن خەڵکەوە کرا .[11] ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە هەر ڕێبازێکی نوێ کە سەرهەڵدەدات لە منداڵدانی ڕێبازە کۆنەکە لەدایکدەبێ، لە زۆر ڕووەوە درێژەپێدەری ڕێبازە کۆنەکە دەبێ. لەو ڕوانگەیەوە (( ڕیالیزم بەردەوام بوونی ڕۆمانسیزم بوو لەڕووی بایەخدانی بە ئازادییەکانی تاکەکەس و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ واقیع، تەنانەت ئەم بەردەوام بوونە لەئاست و بوارەکانی دیکەشدا دەبینرێت، چونکە ڕۆمانسیزمی ڕووسی خۆی لەخۆیدا شێوەیەکی ڕیالیزم بوو، ئەمەش بەتایبەتی لای ( پۆشکین ) دەردەکەوێ ))[12] . هەروەها ڕێبازە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی وەها بەیەکداچوو و تێکەڵن هەندێ جار بەسەختی دەتوانرێ لە یەکتریان جیا بکەینەوە، وەك دەردەکەوێت ڕیالیزم بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕەگی بۆ ناو بەرهەمەکانی نووسەرە مەزنەکانی یۆنان یان بۆ سەردەمی ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست و هەژدەهەم دەگەڕێتەوە، چونکە (( ڕۆمانسیزم قۆناغێکی هەوەڵییە لە قۆناغەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی ))[13]، نمونەش بۆ ئەم ڕایە (دۆن جوان) ی (بایرۆن)، کە بەرهەمێکی ڕۆمانسی ڕەخنەئامێزە، بەڵام لە زۆربەی لایەنەکانی دیکەدا دژی یەکترن و یەکتری بە شێوەیەکی سەرسەخت ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی (( ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی ڕیالیزم، بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی ڕۆمانسیزمەوە بووە، واتە ڕەفزی هەڵاتنی لەدەست واقیع دەکرد و بەرەو ناوخۆیی و ناکەسێتی دەچوو، لە خرۆش دوور دەکەوتەوە ڕێی ئیجابییەتی دەگرتەبەر تەنها بەوە وازی نەدەهێنا کە واقیع بناسێت و وەسفی بکات بەڵکو دەیەویست واقیع بگۆڕێت... ڕوخسارێکی سەردەمی هەبوو لەوەدا کە خۆی بە ئێستاوە دەبەستەوە ))[14] ، ئەو جۆراوجۆری ڕێبازانەش کە سەریهەڵداوە و تاکو ئەمڕۆش زۆربەی زۆریان بەردەوامیان هەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سروشت و دروستبوون و زەوق و چێژی ئادەمیزاد جۆراوجۆرە و هەموو یەك چەشن نییە. واتە هەموو ئاراستەکان جەماوەر و کڕیاری خۆیان هەیە، بۆنموونە(( ...بەرهەمی ئەدەبی و هونەری واقیعی و خەیاڵی و ئەفسانەیی تەنانەت ڕیکلام و فلیمی کارتۆنیش لە هەموو چاخ و بارەکاندا موتەلەقی خۆی هەیە ))[15]

نووسەر یان ئەدیب تاکێکە لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژێت. ئەویش وەکو گشت خەڵکی مرۆڤێکە خاوەنی هەست و سۆز و ژیرییە. ئەو رووداو و کارەسات و شەڕوشۆڕ و کارەساتە سروشتییەکانی ژینگە کار لە هەست و سۆزی دەکەن و بەهۆی ئەو ژیرییەی هەیەتی دەری دەبڕێ و گوزارشتی لێدەکات و دەبێتە شاهیدێکی سەردەمەکەی, کەواتە (( ئەدەبیات هەڵقوڵاوی واقیعی کۆمەڵایەتی و قۆناغی مێژوویی خۆیەتی و شەرعیەتی خۆی لە زەرورەتە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و رۆشنبیرییەکانی سەردەمی خۆیەوە وەردەگرێت و ئەوەی کە زیندوویی پێدەبەخشێت ئەوەیە, کە چەند واقیعی سەردەمی خۆی هونەراندوە و ساتە زیندووەکانی مرۆڤ و رۆح و دەروونی مرۆڤی وێنە گرتووە ))[16]. ( جان پۆل سارتەر ) دەڵێ: (( ئەدەب تەعبیر لە ژیان دەکات و دەربڕی تێگەیشتنی ئەدەبیە لە کۆمەڵگاکەی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان چڕتر دەکاتەوە ))[17] ئەهەموو نووسینێك كە دەنووسرێ دەچێتە قاڵبی ئەدەبیکی ئەمر, ئەهەموو کەسێك کە دەستی دایە قەڵەم شتێکی نووسی دەچێتە ریزی ئەدیب و نووسەرە ئەمر و مرۆڤ دۆستەکان, چونکە ئەدەبی راستەقینە ئەو ئەدەبەیە, کە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات بەرامبەر رووداوەکانی سەردەمەکەی, لە نیشتمانەکەی و لەجیهان. ئەم دوو تێگەیشتنەش وابەستەی یەکترن و ناتوانین دەستبەرداری یەکێکیان بین و لە یەکتریان جیا بکەینەوە. لە کۆنەوە (ئەرستۆ) گوتوویەتی: ((من خەڵکی ئەسینام, بەڵام نیشتمانەکەم جیهانە ))[18], ئەم وتەیەی ئەرستۆ گوزارشت لە مرۆڤایەتی بوونی دەکات و دەیەوێ بۆ هەموو مرۆڤێك بنوسێ و خزمەت بە گشت مرۆڤایەتی بکات, ئەدەبی ریالیزمیش خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەدۆزێتەوە, چونکە (( لە گرنگترین تایبەت مەندی ئەدەبیاتی ریالیستی وەسفکردنی مرۆڤە بەشێوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی, بەگوتەیەکی دی, ریالیزم, لەزمینە و هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی وەختدا بۆ رەگوریشەی رەفتاری مرۆڤ دەگەرێ ))[19] هەروەها مرۆڤایەتی نووسەرانی ریالیزمی لەوەشدا دەردەکەوێت, کە ئەو خەم و کێشەی گشتی و بابەتی لەپێش خەم و کێشە خودییەکان دادەنێ و زیاتر بەدوای کێشەکانی سەردەم و خەڵکی دەکەوێت و دەیانخاتەڕوو, بۆیە (( ئەدەبی ریالیستی ئەدەبێکی ناشەخسیە, نووسەر نایەوێ خۆی تێدا پیشان بدات, بەڵکو حەزدەکات نووسینەکەی وێنەیەکی ئەمینی واقیع بێ, بەڵام ئەدەبی ریالیستی بەهۆشیارییەوە دەکەوێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەگەرێت بەدوای شتە جەوهەرییەکانی ئەو دنیایەوە کە دەیەوێ وێنەی بگرێ و شتە سەرڤە سەرڤەکان پشت گوێ دەخات ))[20] هەروەها نووسەری ریالیزمی بە وردەکارییەکان دەناسرێتەوە, کە هێندە بەجوانی و بەقوڵی رۆدەچێتە ناو وردەکارییەکان, کە خوێنەر خۆی لێدەگۆڕێ, چونکە (( هێندە بەدیقەت ئەم وردەکاریانە وێنەدەگرێ کە خوێنەر دەچێتە پێستی قارەمانانی چیرۆکەکەوە و لە نزیکەوە هەستیان پێدەکات و لێیان تێدەگات ))[21] کاتێ لەپێشەوە باسی حەقیقەتمان کرد, بەو مانایە نییە کە واقیع بە دەقاودەقی بگوازرێتەوە ناو کاری ئەدەبی, چونکە حەقیقەت لە ژیانی ئاسای و لەسروشتدا جیاوازە لە حەقیقەت و راستی لەناو کاری ئەدەبیدا, چونکە ((ئەو حەقیقەتەی کە لە ئەدەبیات دروستدەبێت, ئەو حەقیقەتە نییە لە ئەزموونی خودی نووسەر یان خوێنەرەوە دەردێت. ))[22]. ئەمە لەبواری زانستیش هەر بەو چاوە سەیری کراوە, هەروەك (تۆماس کۆنت)

ویستی ئەوە ڕوونکاتەوە، کە ((شۆڕشی گەورەی زانستی هەر تەنها وەسفکردنێکی نوێی خودی واقیعە کۆنەکە نەبوو، بەڵکو واقیعێکی نوێ و جیاواز دەخولقێنێت. ئەو دەڵێت: دوای ڕوودانی شۆڕش، زاناکان لەجیهانێکی جیاوازدا کاردەکەن))(23)، دیارە دروستکردنی جیهانێکی نوێ، کە لە جیهانە واقیعی و سروشتی و ژیانی ئاسایی وەرگیراوە، بەبێ بوونی خەیاڵ و ئەندێشە دروست نابێ، چونکە ئەدەبی ڕیالیزمی بەو مانایە نییە، کە بە هەموو شێوەیەك خۆی لە ئەندێشەی نووسەر دابڕێت، بەڵکو خاوەنی ئەندێشە و خەیاڵێکی واقیعییە، کە جیاوازە لە خەیاڵی ڕۆمانتیکیەکان، لەبەرئەوەی ((ئەدەبی ڕیالیزم دژی ئەدەبی خەیاڵ نییەو لە ڕووکردنە هەست و سۆزیش خاڵی نییە، بەڵام هێندە خەیاڵ و هەست و سۆز بەکار دەهێنێ، کە لەخزمەتی واقیع و وێنەگرتنی ئەو واقیعە دابێت))(24). ڕیالیزم لە ئەندێشەی هونەرمەند و کارلێکردن لەناخی دروست دەکات بۆ بەرجەستەکردنی وێنەیەك، کە لێکدانەوە بۆ ڕاستیەکانی دی لەخۆ ناگرێت، ئەمەش کاری کەسایەتی مرۆڤایەتییە بۆ ئامادەباشی لە دروستکردنی وەڵامدانەوە بەرەو ڕاستی و لۆژیکی.(25) بەکارهێنانی ڕەمز و هێماش هەر بەهەمان شێوەی ئەندێشەیە، کە دەڵێن ئەو نووسەرە، نووسەرێکی ڕیالیزمییە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ، کە نابێ بەلای هیچ لە تەوژم و ڕێبازەکانی دیکەدا بڕوات و لە بەرهەم و نووسینەکانیدا بەکاریان ئەهێنێ و لە کاتی پێویستدا پەنایان بۆ ئەبات. نەخێر ئەوە مەرج نییە، چونکە زۆر لە نووسەرانی ڕێبازە جیاجیاکان لە هەندێ نووسین و هەڵوێست و سەردەمدا پەنایان بۆ بەکارهێنانی ڕێبازەکانی دیکە بردووە، بۆنمونە (ئەپسن) کە بەپێشڕەوی ڕێبازی ڕیالیزم دادەنرێ، سەرەتا لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بووە، بۆیەش لە زۆر شوێن وەك پێویستییەك دووبارە پەنای بۆ بردۆتەوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوەنا، کە بەتەواوی چووبێتەوە سەر ئەو ڕێبازە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردن یان جوانکاری هەندێ هەڵوێست، لەبارەی بەکارهێنانی ڕەمز یان هێماش دەبینین، کە لە گشت شانۆییە ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمیەکانی (ئەپسن) بەدوور نین، بۆنموونە هەردوو شانۆگەری (بیرجنیت و براند) (26). لە هەندێ کات و سەردەمدا واقیعی ژیان و دەسەڵاتی سەردەم وا لەنووسەران دەکات پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕەمز ببەن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کێشەکە نەخەنەڕوو، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیخەنەڕوو، چونکە ((ڕەمز یا جەڤەنگ یا هێما وەك هۆکارێك چیرۆکنووس بەکاری دێنێت بۆ پەردە پۆشکردنی هەندێ ئەو شتانەی کە دەیەوێ بیڵێ و ناتوانێ ڕاستەوخۆ دەری ببڕێت))(27)، بۆ دەربڕین و خستنەڕووی مەبەستەکەش بابەت و ئامرازی جۆراوجۆر هەیە، کە گوزارشت لەناخ و مەبەستی خۆی بکات، بۆنمونە ((بابەتی مێژوویی و فۆلکلۆری و بابەتی دیکە دەکاتە ئامرازێك بۆ بەکارهێنانی ڕەمز)) (28)

ئەگەر چاو بەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا بخشێنین و یان بە لێکۆڵینەوەی نووسەران و ڕەگەزە ئەدەبیەکاندا بچینەوە، دەبینین لەهەر سەردەمەو ڕێبازێکدا ڕەگەزێکی ئەدەبی باڵادەست بووە یان بووەتە شۆڕەسواری سەردەم و ڕێبازەکە، بەشێوەیەکی زۆر فراوان گرنگی پێدراوە و پەرەی سەندووە، بەجۆرێك ((لەهەر سەردەمێکدا یەکێك لەجۆرەکانی ئەدەب فەرمانڕەوا دەبێ. سەدەی حەڤدەهەم سەدەی تراژیدیا و شانۆ بووە. سەدەی هەژدەهەم سەدەی بیر و پەخشان بووە ئەگەر درەنگتریش.

سەردەمی ڕۆمانسیزم بە سەردەمی شیعر بژمێردرێت، ئەوا سەردەمی ڕیالیزم بەسەردەمی ڕۆمان دەژمێردرێت))[29] ڕۆمان بەشێوەیەکی وا پەرەیسەند و خەڵکی پێشوازی لیکرد لەو سەردەمەدا بەرزترین ئاستی پێشکەوتنی تۆمارکرد، بەهۆی ئاوەڕۆکە واقیعیەکەی وایکرد، کە خەڵکی بەتایبەتی چینەکانی خوارەوە و هەژارەکان خۆیان لەناو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانانە بدۆزنەوە، بۆ نموونە ((لەساڵی ١٨٤٢ ڕۆمان وەکو گرنگترین ژانری ئەدەبی ناوبانگی دەرکرد. ڕۆمانی ڕۆمانتیکی کۆنیش وردەوردە لە ئیعتوبار کەوت، ڕۆمانی ڕیالیستی کە لەژیانی زەمانەوە ئیلهامی وەردەگرت بەرەبەرە بایەخی پەیداکرد، تا لەئەنجامدا ڕێی بۆ ڕۆمانی ناتۆرالیزم خۆش کرد))[30]، لە یەکەم پێشەوایانی ڕێبازی ڕیالیزم لە فەرەنسا نووسەری بەتوانا (ستاندال)بوو، کە لە ژیانیدا چەندین شەڕوشۆڕ و ئەهامەتی بینیوە و بەشداری شەڕەکانی کردووە و بەچاوی خۆی چەندین شەڕی (ناپلیۆن)ی بینیوە، لەوانە شەڕی (مارنجۆ، ڤیینا)، لە یەکەمین ئەو چیرۆکانەی کە (ستاندال) ئەو ڕێبازەی پێ بنیات ناوە، چیرۆکی (سور و ڕەش) یەکەم سەرهەڵدانی ڕاستیەتی بۆ دەروازە کردنەوە لەسەر ڕێبازی ڕیالیزم و شوێن گرتنەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە فەرەنسا، کە تیایدا وەسفی ژیانی هاوچەرخانە دەکات، بە وەسفێکی ورد و واقیعی دوور لە هەموو ڕووپۆشێکی ڕۆمانتیکیانە، لە هاوشانیدا نووسەری گەورەی فەرەنسی (بەلزاک) دەرکەوت، کە بە کۆڵەگەیەکی دیکەی بەهێزی ئەم ڕێبازە و پەرەپێدانی دادەنرێ.[31] ئەو نووسەرە بەهۆی بەنرخی بەرهەمەکانی توانی پایەکانی ئەو ڕێبازە تازەیە بە مەحکەمی داکوتێ، چونکە ((گەورەیی هونەری (بەلزاک)، زادەی ئەو وەسفە واقیع بینانەیە، کە کۆمەڵگەی فەرەنسای زەمانی خۆی پێ وەسف دەکات. بێ ئەوەی لە لایەنە بنەڕەتیەکانی ژیانی کۆمەڵگە یان ناکۆکییە ناوەکیەکانی سیستەمی ئابووری باو فەراموش بکات))[32]. لەبارەی بەتوانایی ئەو نووسەرە (سانت بیڤ) دەڵێ: ((گەورەترین و بەتواناترین پیاوە کە فەرەنسا بەرهەمی هێنابێ))، بەدەرکەوتنی ڕۆژی ڕووناکی ئەو، هەموو نووسەرەکانی دیکەی شاردەوە، تەنانەت خودی (ستاندال)یش. بەلزاک، لە سەرەتای دەرکەوتنی کاریگەر بوو بەڕێبازی ڕۆمانتیکی، بەڵام لە پڕێکدا ڕووی وەچەرخاند بەرەوڕووی ئەو ڕێبازە، کە ئەمری بۆ تۆمارکرد، ئەویش بەو زنجیرە درێژەی لە چیرۆکە جوانەکانی کە لە پاشاندا بە (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) ناسرا، کە تیایدا وەسفی فەرەنسا دەکات لە هەموو ڕوویەکەوە.[33] لەبەر ئەوەی بەلزاک نووسەرێکی هێندە بەتواناو کاریگەری هەبوو لەسەر خودی ڕێبازەکەو پەیڕەوکەرانی، واتە نووسەرانی ڕیالیزمی، بەجۆرێك ((کاریگەری بەلزاك سنور و کۆتایی نییە. بەئاسانی فۆرمی ئەفسانەی گۆڕی و بەرینترین فۆرمی ئەدەبی لە ڕۆمانی تازە خولقاند، کاریگەری بەلزاك نەك هەر لە فەرەنسا، بەڵکو لەئینگلیستان و، ئەڵمانیا، و ئەمریکاشدا زۆر بەهێزو سەرسامکەربوو، فلۆبێر، مۆپاسان، زۆلا، جۆرج هاولز، هینری جیمز، تەنیا چەند نووسەرێکی کەمن لەو نووسەرانەی کە زۆر قەرزارباری (بەلزاک)ن))[34] هەروەها کۆڵەگەیەکی دیکەی ئەو ڕێبازە تازە و خۆشەویست و وەرگیراوە لەلایەن خەڵکەوە، نووسەری جوانترین چیرۆکی ڕیالیزمی بوو، ئەویش ((گەورەترین نووسەر لەم قۆناغەدا (گۆستاف فلۆبێر)ە مادام بۆڤاری کە شاکاری ئەوە، بەکتێبی موقەدەسی ڕیالیزم دەژمێردرێ.

بابەتی ئەم کتێبە چیرۆکێکە کە بەڕاستی لە فەرەنسا ڕویداوە))[35]، چیرۆکەکە وێنەی لێهاتویی ژیانی گوند نشینی فەرەنسی دەکێشێت، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کەتیایدا وەسفی چینی بورژوازی دەکات، کە خۆی تیایدا پەروەردە بووەو دروست بووە.[36] ڕیالیزم سەرا پای جیهانی گرتەوە و تەشەنەی کرد بۆ ناو گشت نەتەوە و وڵاتانی دنیا، ڕوسیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە ڕیالیزم زوو تیایدا بڵاو بۆتەوە و نووسەرانی ناودار و بەتوانا و بەناوبانگی لێهەڵکەوتوون، یەکێك لەوانە نووسەری گەورەی ڕوسی (مەکسیم گۆرگی) ڕۆماننووسە، کە ((هەر لە (دایك)ەوە کەسانی چیرۆکەکانی (گۆرکی) بوونی واقیعی خۆیان دەنواند، ناوێنەی واقیعی ژیانی ڕووسیا و شوێن و کاتی مێژوویی تازەی بوون))[37]. ئەو کەڵە نووسەرە خاوەنی ئاراستەیەکی تایبەتە لە ڕیالیزمدا ئەویش ڕیالیزمی سۆشیالیستییە، لەبەرئەوەی ((بەرهەمەکانی (گۆرکی) ڕەگی قوڵی خۆیان بەو خاکە و بەو وڵاتەدا داکوتا و بەڕاستی و بەهەق بوو بە دامەزرێنەری ڕیالیزمی شۆسیالیستی))[38]، زۆر گرنگی بەژیان و ئێش و ئازاری خەڵکی دەدا، هەروەها لە مێژوو و کلتووری نەتەوە سودی وەردەگرت و باوەڕی بە بلیمەتی و داهێنەری میللەت هەبوو لەم بارەیەوە دەڵێ: ((گەل یەکەم، فەیلەسوف و شاعیر وداهێنەرە و دروستکەرە، ئەو دروستکەری هەموو ئەو ڕۆشنبیرییەی جیهانییە لە داستان و هونراوەکاندا))[39]. ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی سۆڤیەت، کە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر سەریهەڵدا و لە ساڵی ١٩٣٤ دوای کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگەێنرا و یاساو دەستوریان بۆ دانا، ئەم ئەدەبە لە زۆر ڕووەوە لەیەکتر دەچوو هەتا خوێندکارێکی زانکۆ لەو وڵاتەدا کاتێ کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ لەبارەی محازەرەکان پرسیاری لێدەکات، لەوەڵامدا دەڵێ: ((وام هەست دەکرد ئەدەبی سۆڤیەتی هەمووی لەلایەن یەك نووسەر نووسراوە کە ماوەیەکی دورو درێژ ژیابێ))[40]. هەر لەبارەی ڕیالیزمی ئەو وڵاتە و کاریگەری نووسەران لەسەر یەکتری (دۆستۆفیسکی) گوتویەتی: ((هەموومان لەژێر پاڵتۆکەی (گۆگۆڵ)ەوە هاتوینە دەرێ))[41].

باسی سێیەم: هەندێ جۆری ڕیالیزم

١. ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە

ئەم جۆرەیان لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانیەوە پێش جۆرەکانی دیکەی ڕیالیزم دەکەوێت. بەڕای هەندێ زانا لە پێش سەرهەڵدانی ئەدەب، کە ڕەخنە لەبواری فەلسەفەدا هەبووە، چونکە ((زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە (شانفیلۆری) بەرابەری ئەو ڕێبازە لەقەڵەم دەدرێت))[42]، ئەگەر بەم شێوەیە پێناسەی بکەین، کە ئەم ڕێبازە ((بریتییە لە ئاشکراکردن و بەرەنگاربوونی چەوت و چەوێڵی و کەم و کورتییەکانی کۆمەڵگای بورژوایەتی، یان بڵێین سەرکەوتنی بەسەر جیاوازییەکان و کەم و کوڕییەکانیان. بەمەش کارێکی گرنگ دەبینێ لەئازادکردنی بیری ئادەمیزاد چ لەڕووی کۆمەڵایەتی چ لەڕووی گیانییەوە))[43].

لێرەدا بۆمان ئاشکرادەبێت، کەڕەخنە گرتن و پەردەهەڵماڵین لەسەر شتە ناشیرین و قێزەونەکانی ناو کۆمەڵگە لەپێشەوەی گرنگییەکانی ئەم ڕێبازەیە. بەڵام ئەگەر زیاتر لێی ورد بینەوەو پێناسەی دیکەی بکەین ئەویش ئەوەیە، کە ((ئەم ڕێبازە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەخستە بەرچاوی خەڵک، لایەنە خراپەکانی کۆمەڵ و مرۆڤایەتیی لەچوارچێوەیەکی ڕەخنەییدا پێشکەش دەکرد، بەتایبەتی ڕەخنەگرتن لە چینی باڵاو دەسەڵاتداری کۆمەڵ و حکومەت. لەئاکامدا خوێنەر یا بینەری وا لێدەکرد، کە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بکاتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە لەبەرهەمەکاندا خراونەتە ڕوو))[44] ، واتە لێرەدا شتێکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە، کە دوای خستنەڕووی گیروگرفت و ناشیرینیەکان ئەرکی ئەوە، بەڵام چارەسەر جێدێڵێت بۆ خوێنەر و بینەر، کە ڕۆڵی هەبێت لەدۆزینەوەی چارەسەردا. دەتوانین لە ئەدەبی کوردیدا ئەمجۆرە دەستنیشان بکەین لەسەرەتای سەدەی بیستەم، چونکە ((لە ئەدەبی کوردیدا دوو چیرۆکی لەخەومای جەمیل سائیب و مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختارجافی خۆمان سەر بەم ڕێبازەن ))[45]. دەتوانین بڵێین، کە ڕیالیزمی ڕەخنەیی مۆرکێکی سەرەکی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانییانەوە پێکهێناوە، کە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە.

٢. ڕیالیزمی سۆشیالیستی

دوای ئەوەی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە جێگیر بوو و پەرەیپێدرا، نوسەران چەندین بەرهەمی ئەدەبییان لە ڕوانگەی ئەم ڕێبازەوە بڵاوکردەوە، هەر لەبەر پێشوازیکردنی خەڵکی و سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە بووە، کە لە پەرسەندنی بەردەوامدا بووە، ڕیالیزمی سۆشیالیستی پێیوایە، کە((لە ئەنجامی دژیەکانی نێو کۆمەڵەوە پێشکەوتنەکان بەرهەم دێن، بۆیە دەکرێت بەردەوام کار لەسەر ئەو ناکۆکییانە بکرێت، هەوڵی ئەم ڕێبازە لەوەدا چڕ ئەدەبووەوە تێگەیشتنێکی تازەی بۆ کۆمەڵ هەبێت هێندەی ئەوەی کە دەیویست بەشێوەیەکی تازە کۆمەڵ بنیاد بنێتەوە، بەڵام ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە پێی وایە ئەمە کاری ئەدەب نییە، بەڵکو تەنیا وێنەگرتنێکی ئەو واقیعە و پیشاندانی وەك خۆی کاری ئەدەبە، لەمە زیاتر ئەدەب دەکەوێتە ژێرباری کارێکەوە کە هەم کاری خۆی نییە و هەم تێیدا سەرکەوتوو نابێت ))[46] ، بەڕوونی جیاوازی هەردوو جۆری ئەوژمەکە دیارە، هەروەها بەهۆی گۆڕانکاری کات و سەردەم و بارودۆخەکان کار و هەڵوێستیشیان گۆڕاوە، کە لەسەردەمێکدا تەنها بەرەخنەگرتن و پیشاندانی خەڵکی وازیاندەهێنا، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا ئیدی نەیانتوانیوە بێلایەن و دەستەوەستان بە بینەری ڕووداو و کێشەکان بمیننەوە و هەوڵیانداوە بێنەمەیدان و بەشداربن لە گۆڕانکارییەکاندا، هەروەها ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە تەنیا لەڕووی مێژووییەوە سەیری مرۆڤی دەکردو ڕەخنەی لێدەگرت بێنەوەی داوای گۆڕین و یاخیبوون بکات، بەڵام ڕیالیزمی سۆشیالیستی (ژیانی مرۆڤ لەبەردەوامی و گەشەسەندندا دەبینێ و بەرەو دواوە گەڕانەوەی بۆ نییە، بۆیە هەوڵی گۆڕینی دەدات، هەروەها لەڕووی فەلسەفیشەوە ئەم دوو ڕەوتە لەیەکدی جیاوازن، چونکە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بەشێوەیەکی ڕەشبینانە و بێئومێدی بۆ ژیان دەڕوانێت.

بەلام ریالیزمی سۆشیالیستی بەشێوەیەکی گەشبینانەو ئومێدەوە لە ژیان دەڕوانێ لە دواڕۆژی گەشاوەو خۆش و خێر بۆ مرۆڤ و کۆمەڵ دەڕوانێ)[47] , دیارە کە وڵات و شوێنی سەرهەڵدانی ئەم جۆرەش بەمشێوەیە بوو, کە ((لە ساڵی ١٩٣٤ بەو لاوە لەلایەن یەکێتی نوسەرانی سۆڤیەتیەوە دەستنیشانکراو ئەرکی ئەوەی گرتەبەر چینی کرێکاران و خەڵك بە ئایدیۆلۆژیەت و ڕۆحیاتی سۆشیالیستی (کە سەرچاوەکەی یەکێتی سۆڤیەت بوو) پەروەردە بکات))[48] بەمشێوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, کە ئەو مێژووەی پێشەوە بریتییە لە ڕاگەیاندنی ڕێبازەکە بەشێوەیەکی فەرمی و خاوەن دەستورو یاسای تایبەتی خۆی، بەلام سەرهەڵدانەکەی هەر هەمان شوێنە، بەلام بۆ سەردەمێکی زووتر دەگەڕێتەوە, چونکە ((ئەم ڕێبازە ئەدەبیە لەگەڵ ڕۆمانی(دایك)ی (مەکسیم گۆرکی ١٨٦٨-١٩٣٦)یەوە دەست پێدەکات لەباوەشی شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیدا لەدایك بوو))[49] , ئەم ڕێبازە لە کار و ئامانجیدا جیاوازییەکی ریشەیی لەوانی دیکە نییە، بەلام لە تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز هاتۆتە مەیدان, بۆیە لەبارەی پێناسەکەی ئەم جۆرەیان دەڵێن بریتییە لە ((پێرەوی بنەڕەتی ئیبداعی هونەرییەو نەخشە کێشانی ڕاستگۆیانەو مێژوویی کۆنکرێتی واقیعی لە کۆڕی بەرەو پێشچوونی شۆرشگێرانەدا لە هونەرمەندانی دەوێت، هەروەها پەروەردەکردنی کارگەرانی بەگیانی سۆشیالیزمی لێیاندەوێت))[50] .لێرەدا بەڕونی دیارە کە ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی شۆرشگێڕانە دەیەوێ چینی پرۆلیتاریا پەروەردە بکات و گرنگیان پێبدات بەشێوەیەك گیانی هاوکاری و هاوبەشیان تیابروێنێ. هەروەها (ئەریك هارتلی) پێناسەی خۆی هەیە بۆ ئەم ڕێبازە، ئەویش ئەوەیە, کە ((ریالیزمی سۆشیالیستی لەسەر ئەو پرەنسیپە ڕۆنراوە, کە کار و توانایەکی داهێنەرانەی هەیەو هونەر نیشاندان و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەگەزەی (داهێنان)کارە. ئەم دووانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی و بەرژەوەندیان گرینگیە کۆمەلایەتیەکان عەکس دەکەنەوە و لەهەمانکاتدا کاری تێدەکەن.))[51].

دیارە هەموو ئاراستەو تەوژم و ڕێبازێك خاوەنی خاسیەتی خۆیەتی. ڕێبازی سۆشیالیستیش خاسیەت و بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە, کە بریتییە لە ((واقیعیەتێکی مەوزوعی... پێویستە لە بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگبداتەوە، گەشبینیەکی مێژوو لەئاستی دەربڕینی بابەت و ژیان و ڕووداوەکان پێشکەشبکات. داهێنان هەمان تێگەیشتنی زانستی هەبێت. ئیلتیزام کردنی نوسەران و هونەرمەندان بۆ خزمەتکردنی ئایدیالیستی سۆشیالیزم))[52]. دیسانەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت, کە دەبێ نوسەر و هونەرمەندان بەرهەمەکانیان لەخزمەتی چینی پرۆلیتاریاو بیری سۆشیالیستی دابن.

٣. ریالیزمی ڕامیاری

هونەرەکانی ڕامیاری یەکێکە لە شێوەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ, سیاسە تمەدارەکان هەمیشە لە پێناوی بەرژەوەندی حیزبێك یان ڕێکخراوێك کار و کۆششدەکەن بە پێی بیر و بۆچوونێك هەڵس و کەوت دەکەن، هەموو حیزبێك نوێنەری چینێکە لە چینەکانی نێو کۆمەڵ لە تێکۆشانەکەیدا هەوڵ و چەسپاندنی بناغە و ریشەکانی لە نێو کۆمەڵدا.

لەنێو ڕیالیزی ڕامیاریدا پابەندی قارەمان بە بیر و بۆ چوونیکی حیزبی یان نیشتمانی دەردەکەوێ ڕادەی ئەم پابەندییە سروشتی بیرکردنەوە و بۆچوونی نووسەرەکە دەردەخات. ڕۆمانیش لەبەرئەوەی گەورەترین هونەرەکانی ئەدەبە لە ڕووی قوڵی و بەرفراوانییەوە دەبێت بەکەرەسەیەکی هونەری بۆ هۆشیارکردنەوە، کەوا لە ڕێگایەوە دەتوانرێ بارودۆخی میللەت پیشانبدرێ, تەنگ و چەڵەمە گشتییەکانی لە ڕێی تاکەکەسانی ناو ڕۆمانەوە بەرجەستە بکرێت. لێرەوە ڕۆمان دەبێ بەوزەیەکی ڕامیاری گرنگ لە دەربڕینی گیانی میللەت و تەنگ و چەڵەمە و ئاواتەکانی[53] , ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی کوردیش بکەین ئەوا دەبینین کە شاعیر و نووسەرانی نەتەوەکەمان هەوڵی بەرچاویان داوە کەوا نەتەوەکەیان وریا بکەنەوە و هۆشداریان بدەنێ, کە چۆن چۆنی بەرەنگاری زوڵم و زۆری ستەمکاران ببنەوە, ئەگەر لەو بارەوە نموونە بۆ ئەم بوارە بێنینەوە ئەوا پێویستە, کە (( پەنجە بۆ (باوکی شەرعی چیرۆکی سیاسی کوردی ) رابکێشین, ئەویش ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)یە, چیرۆکنوس بەوپەڕی زیرەکییەوە هاتووە ڕووداوەکان و پاڵەوانی چیرۆکەکانی لە ژینگەی کوردەوارییەوە وەرگرتووە و بەشێوەیەکی خۆماڵی دایڕشتوون, ناوەرۆکی چیرۆکەکانیشی وەك کامێرایەك وێنەی ئەو بارە سیاسییەو کارە نابەجێ و کەمانەی ڕژێمی کێشاوە, هەروەها جیاوازی چینایەتی کۆمەڵی کوردەواری دەرخستووە ))[54] نموونەی ئەو چیرۆکانەش وەکو کوێرەوەری, خازێ, کەرەلوتی, ڕۆمانی ژانی گەل, هەروەها ڕۆمانی پێشمەرگەی ڕەحیمی قازیش, کە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی سەرەتای سەرهەڵدنی ڕۆمانی کوردی, بەجوانی بارودۆخی ڕامیاری سەردەمێکی نەتەوەکەمانی تێدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەدەب و هونەری شانۆش وەکو مەیدانێکی گونجاو و لەباری خستنەڕووی ئەو بابەتەیە, چونکە شانۆی ڕامیاری ئەوەیە, کە تەختەی شانۆ بەکاردێنێت بۆ وێناکردنی لایەنەکانی کێشەیەکی دیاریکراو, جا چ ڕامیاریی بێت, یان ئابووری, شانۆی ڕامیاریی تێدەکۆشێت بۆ بەئاگاهێنانەوەی بینەر( وەرگر ) و فێری دەکات,

کە لەمیانەی ئەو ڕاستی و ڕووداوانەی پەیوەندیدارن بە کۆمەڵ و دوور لە ڕاستی تاکەکەسی, بەڵام هەندێ شانۆی ڕامیاریی دیکە جیاوازن لەمجۆرە و پشت بە مێژوو و واقیع دەبەستن لە ئامادەکردنی بەرهەمەکەی, وە دەشتوانێ ئەمەش نەکات, بەڵام ئەگەر ئەمەشی کرد نابێ هونەرمەند لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت لەسەر ئازادی چۆنییەتی بەکارهێنانی بابەتەکە.[55] نووسەرانی شانۆی کوردیش ئەو بوارە گرنگەیان فەرامۆش نەکردووە و بەجدی ئاوڕیان لێداوەتەوە و دەقەکانی شانۆی خۆماڵیمان وەکو دەقەکانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان لەو بوارەدا دەوڵەمەندن, چونکە هەروەك دەبینین (( هەر لەسەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی شانۆی کوردییەوە وەك شانۆی میللەتانی تر بیری لە ئێش و ئازارەکانی گەلە ستەم دیدەکەی کردوەتەوە و بگرە باشتریش, چونکە میللەتەکەمان میللەتێکی زوڵم لێکراو و چەوساوە بووە, بەپێی ڕژێمە یەك لەدوای یەکە دکتاتۆرەکان... بۆیە نووسەرانیش هەر لەسەرەتاوە چەند داب و نەریتێکی کوردیان کە لە بنچینەدا بابەتی ڕامیاری بوون کردوویانە بە ناوەرۆکی کارەکانیان ))[56]

٤.ریالیيزمی میژوویی

ئەگەر میژوو تۆماری رووداوەكانی رابردوو بیت, چ لەرابردوویەكی زۆر كۆن یان نزیك، نووسینی بابەتیكی میژوویی پیویستی بەرەچاوكردن و تۆماركردن و باسكردنیكی راستی رووداوەكان لەلایەن میژوونوسەوە هەیە, لە رۆمانی میژوویدا پیویستە نوسەر هەمان رەچاوكردنەكەی میژوونوس بكات, لە بارەی دورنەكەوتنەوە لە راستی رووداوەكان, بەلام رۆماننوس بۆی هەیە خەیالی هونەری خۆی بەكاربهینیت لە دارشتن و بەرجەستەكردنی رووداوەكان بەشێوەیەك, كە نابی فەرامۆشی لایەنی وینەی هونەریی تیدا بكری, رۆمان وەكو (جۆرج لۆكاش) دەلیت: ((یەكیكە لە كەرستەكانی وینە گرتنی میژوو دەبیت زیاتر وردەكاری و راستگۆیی تیدا بەكاربهینریت لەبەرجەستە كردن و ئەوەی لە میژوو رووی داوە))(57).

رۆمان هاوچەشنی دەقی میژوویيە, چونكە جگە لە رەچاوكردنی خەیالی هونەریی لەنیو رۆماندا كەسانی نیو رۆمانەكە تارادەیەك جیاوازییان لەگەل كەسانی نیو دەقی میژوییەوە هەیە, لەمەر هەمان روداویەوە, راستە هەردووكیان لەسەرچاوەیەكی راستەقینەی ژیان وەرگیراون, بەلام كەسانی نیو رۆمانەكە وەك (بلزاك ) دەلیت: ((بەزۆرە ملێ عاقلْ مەندتر دەكریت لە چاو كەسانی میژوویدا یەكەمینەكانی خودی ژیانیان تیدەكریت, بەلام دووەمینەكان بەراستی ژیانیان بردۆتە سەر و هەبوونیان هیچ بەلگەیەك ناخوازی هەتا ئەگەر هەلسو كەوتیشیان نادروست بیت, بەلام هەبوونی یەكەمینەكان ریكەوتنیكی گشتی دەخوازیت, ئەم ریكەوتنە گشتییە لەنیوان رۆماننوس و خوینەرانی رۆمانەكە دیتەكایەوە لەریی پیشكەشكردنی هەندی زانیاری و وردەكاری لە سەرەتای پەلكیش كردنی خوینەر لەلایەن رۆمان نوسەوە بۆ ناو جیهانی رۆمان))(58). سەردەم و بەرەوپیشچوونەكانی ئەدەب گرنگی میژووی كەم نەكردووە, بەلكو زیاتر سوور بووە لەسەر بەكارهینان و سوود وەرگرتن لەمیژوو, چونكە یەكیك لە تایبەتمەندییەكانی ریالیزمی نوی بریتییە لە

(گەرانەوە بۆ رابردوو و رەگ و ریشە, كە رۆمانسیيەكان كەش و هەوای چیرۆكەكانیان پیدەرازاندەوە, كەش و دیمەنەكانی مندالی و لاوێتییان دەگواستەوە, دەگەرانەوە بۆ ئەو رابردووەی كە یادگارییەكانی نوسەریان تیدایە)). 59 ئەدەبی كوردیش بە شیعر و پەخشانییەوە بێبەش نییە لە رەنگدانەوەی ئەم رەوتە, بۆ نموونە((لە چارەگی یەكەمی سەدەی بیستەم چەند شیعریك هەن كە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن, هەموو ئەو كارەسات و رووداوە ناخۆشانەی وەكو كوشتن برین و لەسیدارەدانی سەركردەكانی وەكو شیخ عەبدلسەلامی بارزانی و شیخ سەعیدی پیران و هەڤالانیان و... بوونەتە هەوینیان))60

پیرەمیردی شاعیر و نووسەریش نموونەیەكی دیكەی بەرچاوە, كە لەناو ئەو كەشەدا پیگەیوە و هەلكەوتووە, هەروەها لەبارەی بەكارهینان و سوود وەرگرتن لەمیژوو و بۆ ناوەرۆكی چیرۆك, مامۆستا زاهیر رۆژبەیانی دەلی: ((بابەتی چیرۆكەكانی (جەلیل كاكەوەیس) بەزۆری میژوویین...ناوی شوینەكان, ناوی هەندی لە كەسەكان, ناوی میژوویی و مەوزوعی راستەقینەن, تەنانەت هەندی لەوانەی كە ناونیشانی گۆریون خوینەر دەزانی باس لەكوێ و لە كێ و لە چی دەكەن))61

دیاره کە ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە دەخوێنینەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە سەر بە ڕێبازی (ریالیزمی سۆشیالیستی)یە، چونکە ((ئەگەر پێشتر ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە تەنیا لەڕووی مێژووییەوە سەیری کۆمەڵی دەکرد و ڕەخنەی لێدەگرت بێ ئەوەی داوای گۆڕین و یاخیبون بکات، ئەوا ئەم ڕێبازە تازەیە ژیانی لەبەردەوامییەکی هەمیشەیدا دەداو هەوڵی گۆڕینی دەدا))[62] . ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکراو زەق لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێ، کەئەك هەر ڕەخنە دەگرێ، بەڵکو خۆیەختکردن لە پێناو گۆڕینی ئەو واقیعە زۆرباش بەدی دەکرێت، بەم خەسڵەتەش دەکرێت جیای بکەینەوە، کە ((لەرێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بەتێڕوانینێکی ڕەش بینانەوە بۆ ژیان دەڕوانێ، بەپێچەوانەوە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بەتێڕوانینێکی گەش بینانەوە لەژیان دەڕوانێ و لەبوون خێرو ناخۆشی و نائومێد نییە ))[63] . ئەمەش لەو بڕوا بەهێزەی پاڵەوانی سەرەکی و پاڵەوانە ناوەندییەکانی ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێ، کە بەهیچ شێوەیەك خۆیان بەدەست ئەوژیانە ناهەموار و واقیعەی کە تێیکەوتوون نادەن و هەردەم لە ئاسۆی بەردەوامی ڕزگاری دەڕوانن. دەتوانین بڵێین نووسەر بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕیالیزمی سیحریشی تێکەڵ بەنوسینەکەی کردووە، ئەویش بەوەی کە چەندین ئەفسانە لەلایەن پاڵەوانەکانەوە دەگێردرێنەوە یان لەسەر زاری ئەکتەرەکان باسی چەندین پەندو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەکرێت، لێرەشدا دەتوانین لەهەندێ دیمەنیدا بیخەینە خانەی ڕیالیزمی سیحری، چونکە ((ڕیالیزمی سحری پەیوەندی زۆرتری بەو دەقە ئەدەبیانەوە هەیە، کەلە ڕوانگەی تێکەڵ کردن و بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی ئەفسانەو داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی دەبێتە ماکێکی سەرەکی لە بنیادی داهێنان و ئەدەبیدا))[64] . دیارە لەم ڕۆمانەدا زۆرترین ئەو جۆرەحیکایەتە ئەفسانەییانە بەکارهاتوون، وەك (حیکایەتی جبرائیل و ئیسرافیل و ئیزرائیل، حیکایەتی ئەبو خەزنوسەر و بەدیل گرتنی جولەکەکان، حیکایەتی تونی بابە عەمرە، حیکایەتی ئەژدیهاو کوشتنی لەلایەن کەسێکەوە، حیکایەتی گورگ و بزن، حیکایەتی دێوەکەی نور محەمەد، حیکایەتی ئالبەئلە بەهێزەکە، حیکایەتی گورگ و بەرخۆلە) هەروەها بەکارهێنانی ئەو حیکایەت و داب و نەریتانەی کە پەیوەستن بەنەتەوەکەمان، وەك (باسی ساوەر کوتانەوە، ساوەر و دانولەکردن، سەفەر بەئەك و گرانی گەورە، حیکایەتی خاڵە یاسین کە هەموو ڕۆژێك خۆی لەناوە ساردەکەی مزگەوت هەڵدەکێشا، حیکایەتی مام هۆمەر و چاویلکەکەی، باسی شەڕە سەگ، شەڕە کەو، ڕاوە کەو، ڕاوە زیشك، حیکایەتی مامە خەمە، حیکایەتی کۆسەوەو باسی بوکە بەبارانێ ... تاد)

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی ڕیالیزم لەنێو ڕۆمانەکەدا

**باسی یەکەم: ڕووداو**

بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە کۆمەڵێ کێشەو بابەتی تێکچرژاو، کە هەر هەموو بابەتەکان ڕاستەقینەن و بەشێوەیەکی واقیعی لەژیانی سەردەم بەدی دەکرێن. هیچ شتێکی وا باس ناکات، کە وەهمی و نامۆ بێت بەخوێنەرو خەڵکی، چونکە(( ڕووداوێن بەڕێکەوت و دوور لە واقیع لە بەرهەمێن ریالیستیدا بەدی ناکرێن ))[65] هەروەها ڕووداوەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی دەستپێدەکەن و پەرەدەستێنن. بەهۆی کارلێکردن و کار و کاردانەوە وردە وردە لەساکارییەوە بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆن بەڕێوە. هەموو ڕووداوەکان بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك ڕوودەدەن. هەرچەندە لەهەندێ شوێن جێ پەنجەی دروستکردنی نووسەر بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە (( ڕووداوەکان زنجیرە ڕووداوێکی ئاسایی و زۆرجار کۆمەڵە حەقیقەتێکی ئاڵۆز کە دوابەدوای یەك ڕوودەدەن ))[66] ڕووداوە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە باسی هەژاری و دەستکورتی و نەبوونی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەکەن. هەروەها باسی گەندەڵی و داپلۆسینی دەسەڵات دەکات و فێڵبڕی و بەرتیل و ڕەشوە و جاسوسی و خۆفرۆشی نەفس نزمەکان . هەروەها باسی دواکەوتویی و نەخوێندەواری خەڵکەکە دەکات، کە هەموو شتێ بروا دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا نەوەیەکی نوێی چاوکراوە لەدروست بووندایە ، کە نوسەر بەچاوکراوەیان دەبینێ، پرسیار دەکەن بۆئەوەی بگەن بەڕاستی، بەڵام دیارە لەلایەن گەورەکانەوە لەدەمیان دەدرێتەوە نایەڵن ئەو ڕاستییانە بەدەربکەون. ئەویش لەو دایەلۆگانە بەدەردەکەوێ، کە لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکە کارەکتەرەکان دەیکەن وەك : کاتێ کە ئۆمەرەی شاگردی سەید جەلالی قەبر هەڵکەن دەیکات یان بەرپەرچیان دەداتەوە، سەید جەلال باسی ئەوە دەکات، کە ئەو منارەیە بۆیە لارە، چونکە کاتی خۆی ویستویەتی دەستی شێخ عەلی ماچ بکات و سەری دانەواندووە .

ئۆمەرە : منارە کەی دەمی هەیە دەست ماچ بکات .

سید : هەی مونافیقی کوڕی موناقیق . ئێوەگەل ئاخر زەمانتان هێناوە .

هەروەها لە خەسڵەتەکانی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئەوەیە، کە پاڵەوانەکان خۆیان بەدەست ژیانە ناهەموارەکەیان نەدەن و بەردەوامبن و ڕازی نەبن بەبەشیان وتەسلیم نەبن و هەوڵی گۆڕان بدەن، کە ئەمەش لەزۆربەی شوێنەکان بەئاشکرا دیارە، کاتێ کە تۆفیق و خێزانەکەی باس لەناهەمواری ژیانیان دەکەن، کە نان و پێخۆرێکی وایان نییە منداڵەکانیان بیخۆن و بەو نان ساوەرە ڕازی نین .

تۆفیق : کچێ ئەمرۆکە نرخی ساوەر لەسەروی بر نجەوەیە ! هەروەها گە نمە کوتراو و برێنش

خانە : منداڵ ئەوە دەزانن .. منداڵ گرانی و هەرزانی نازانێ [67].

هەروەكو لە پێشەوە باسمانكرد لەم ڕۆمانەدا یەك ڕوداو بەتەنها باسنەكراوە, بەڵكو لەتەوەرەی كۆمەڵێ بابەت و ڕووداوی داوە و جیا لەكۆن یان لەوكات و سەردەمەدا, ئەمەش كارێكی ڕێگە پێدراوە, چونكە (( ڕۆماننووس ئازادە لەوەی چەند ڕووداوی سەرەكی لەناو ڕۆمانەكەدا بەكار بێنێ، هەروەها ئازادیشە لەوەی ئاخۆ ئەو ڕووداوانەی بەكاریان دێنێ ڕووداوی واقیعین، یان كۆمەڵێك ڕوداو كە ڕۆماننوس خۆی دروستیان دەكات ))[68]. ئەو ڕووداوانەی كەباسكراون زیاتر ڕوداوی تراژیدی و ناخۆشی و دەردەسەرین, نەك ڕوداوی دڵداری و خۆشەویستی, دیسان ئەمەش (( ئاساییە نوسەری سۆشیالیست كتێبێ بنوسێت تاقە وشەیەكی لەبارەی ئەشقەوە تیا نەبێ و لەبری ئەوە باسی هەندێ پرسی مەسەلەێ دیكە بكات كە بایەخیان زۆر لە ئەشق زیاترە ))[69] هەروەها دەردێكی كوشندەی كۆمەڵایەتی دیكەی باسكردووە, كە ئەویش واقیعی سەردەمێكی نەتەوەكەمان بووە، كە ئەویش دەرەبەگ و كوێخاو بازرگانە قۆڵبڕەكانن, لەبەرامبەریش خەڵكەكە نەزان و نەخوێندەوارن .

تۆفیق : ئەم خەڵكە خەرۆی كۆستێكی سێگۆشەیی بوون، دەرەبەگ و كوێخا و ڕووتەڵەكان لە دێهات, حەمەشێن و دەرامەتبازانی، ئەمجا مەلیك و دەستەو دایەرەكەی .

دیارە ئەویش زۆر لەو وەزعە ناڕازییەو ڕەخنەی لێدەگرێ، بەڵام گلەیی لەخۆی و خەڵكی دەكات كە بەكردەوە هەوڵی جددی بۆ نادەن .

تۆفیق : دەمانەوێ هەر بەقسە ڕەوتی شت بگۆڕین ئاواتیش بۆ دەرمانێك دەخوازین كە نەخوێندەواری و هەژاری و چاوچلێسی و دەردەكانی تر بنبڕ بكات. ( ڕۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە, ١٩٨٩: ٤٦ )

هەروەها زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێكی پێشتر, كە لەلایەن دەرەبەگەكان زوڵم لەباوكی كراوە, ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی كە لەلادێ دەربەدەربن و باربكەن بۆ شار .

تۆفیق : باوكم بەڕەحمەت بێ كە ڕەزێكی لە ( ئۆمەرە گەدە ) هەبوو كوڕانی صدیق بەگ زەوتیان كردو بەناچاری ڕومان لەشار كرد. ( ڕۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە, ١٩٨٩: ١٦٦ )

پاشان باس لە گۆڕانی حوكمی كۆنە پەرستی و داگیركاری و هاتنی ڕژێمی كۆماری دەكات, كە خەڵكی بەشەوق و خۆشییەوە پێشوازییان لێكردووە دەستیان هەبووە لەو گۆڕانكارییەدا، ڕۆژانە خەڵكی هەر خەریكی هوتاف و دروشم و چەپڵە كوتان بوون، بەڵام دیسان پاش ماوەیەك بێ ئومێدی و نارەزایی باڵ دەكێشێتەوە بەسەر خەڵك و شاردا...تاد.

باسی دووەم : كات و سەردەم

هەرچەندە سەردەمی نووسینی ڕۆمانەكە بۆ سەردەمی ڕوودانی ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە ناگەڕێتەوە و یەك نین, بەڵكو بۆ دوو سەردەمی جیاواز دەگەڕێنەوە, چونكە ڕوودانی ڕووداوەكان بۆ ساڵانی ( ١٩٤٠ )بەدواوە دەگەڕێنەوە, بەڵام نوسینی ڕۆمانەكە ساڵی ( ١٩٨٤ )ز,

بەڵام ڕۆماننوس بەتەواوی خۆی لەو سەردەمەدا گونجاندووە و بەهیچ شێوەیەك هەست بەو جیاوازییە ناكرێ، چونكە وای ڕێكخستووە وەك خۆی لەو سەردەمەدا ژیانی بەسەر بردبێت، ئەو مێژووە پڕ لە ناخۆشی و هەژاری و دەربەدەری و لەهەمان كاتدا خۆڕاگری میللەتەكەمان بۆ باسدەكات، كە بەشێكی دانەبڕاوی واقیعی میللەتەكەمانە، واتە ((ڕۆماننوس مێژووش وەك سەرچاوەیەكی هۆشیاری ورد وەردەگرێ نەك سەرچاوەیەك بۆ خەیاڵڕێسی))[70]، ئەو ڕابردووە هێندە دوور نییە لەمێژووی گەلەكەمان، لەوانەیە نووسەر ئەگەر بەچاوی خۆشی ئەو واقیعەی نەبینیبێ، ئەوا باوك و باپیرانی تێیدا ژیاون، بەمەش كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر نووسەر، بەهۆی نزیكیشی واتە ڕوودانی كاتی ڕووداوەكان لەژیانی خۆی، بۆیە شتەكان زۆر بەواقیعی و باوەڕپێكراوی دەگێڕێتەوە، ((جا لەبەرئەوە ئەو ڕابردووەی كە لەبەرهەمێن ریالیستیدا دەخرێتە ڕوو زیاتر ڕابردووی نزیكی كۆمەڵگەیەكە كە خودی نوسەر سەر بەو كۆمەڵگەیەیە))[71]، دیارە گەر بەپێی كاتی نووسینی ڕۆمانەكە بێ زۆر لەو داب و نەریت و ڕووداوانە نەماون، بەڵام نووسەر باسی ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەكات، كە ئەو دەرد و گیروگرفتانە لەناو كۆمەڵگەكەماندا پەرەیان سەندووە، ئەویش باس لەو سەردەمە دەكات، كە واقیعی ئەوكات بووە، چونكە ((ریالیزم خەسڵەتێكی هاوچەرخانەی هەبووە بەپێچەوانەی ڕۆمانسییەكان لە ((ئێستادا)) و لە ئەمڕۆدا دەژیا . واتە باسی ئەمڕۆ، دیاردە كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە هاوچەرخەكان دەكرد))[72] ، وردە وردە كات بەرەو پێش دەچێت، ئەویش لەگەڵی بەسەر دەكەوێت، وەك باسی خۆپیشاندانەكەی ساڵی (١٩٤٦)، كە كرێكارانی نەوت كردیان و بووە هۆی ئەوەی هەندێكیان بكوژرێن و هەندێكی دیكەیان بریندار بكرێن و هەندێكی دیكەشیان لەسەر كارەكەیان دەركران . ئەمەش دژی حوكمی پاشایەتی و داگیركاری ئینگلیزەكان بووە . دیارە كە بڵێسەی ئاگری بابەگوڕگوڕ یان زێڕی ڕەش هەر لەكۆنەوە هۆكارێك بووە بۆ ئەوەی دوژمنان تەماحی تێبكەن و كوردیش دەستبەرداری نەبووە وەكو نوسەر دەڵێت: ((ئەو گڕی باوە گوڕگوڕە ژێلەمۆی هەندێ ناخی گەشاندەوەو بووە هۆی بەرپابوونی یەكەم مانگرتنی كرێكارانی كۆمپانیای نەوت لەژێر دارزەیتونە پیرۆزەكانی گەور باخی)) (ڕۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە، ١٩٨٩: ٥) دیارە داری زەیتونیش ئاماژەو نیشانەیە بۆ ئاشتی، كە میللەتەكەمان بەئاشتی وبستویەتی كێشەكان چارەسەر بكات، بەڵام دوژمنان بەئاگرو ئاسن وەڵامیان داوەتەوە . پاشان باسی كۆچی جولەكەكان دەكات بۆ فەلەستین، كە ئەمەش دەكاتە ساڵی (١٩٤٨)بەدواوە، كە موڵك و ماڵی خۆیان هەرزان فرۆش كردووە، بۆ ئەوەی كۆچ بكەن بۆ نیشتمانە نوێیەكەیان، بەڵام لەلایەن هەندێ لە مەلاكان فتوای ئەوە دراوە، كە ئەمە حەرامەو نابێ كەس شتیان لێ بكڕێت، لەولاشەوە بۆخۆیان بەدزی موڵك و ماڵێكی زۆریان لێكڕیبوون، كە ئەم مێژووە لەساڵە (٢٠٠٣) كاتی ڕووخانی ڕژێمی سەدام خۆی دوبارە كردەوە لە مێژووی نەتەوەكەمان، كە زۆر كەس لەو دوو سەردەمەدا خۆیان پێ دەوڵەمەند كرد . پاشان ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنی ڕژێمی كۆماری لەساڵی (١٩٥٨) . دواتر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ و هێمانامێز باسی هەڵگیرسانی شۆڕشی كورد دەكات،

واتە شۆڕشی ئەیلول لەساڵی (١٩٦١)و ڕووکردنە شاخی شۆڕشگێڕان و دڵسۆزان. لە هەموو ئەو مێژوو و ڕووداوانەدا بەشێوەیەکی واقیعی کاتەکانیان ڕێکخراون و باسی وردەکاری گشت ڕووداوەکان لەو سەردەمەدا کراوە. ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە، کە ((ڕۆمان پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەوی لەگەڵ کاتدا هەیەو بەدەر لەکات ڕۆمان مانایەکی نابێت و ناکرێ ڕۆمان لەکات دابڕێ. ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبیە لە واقیع و واقیعیش بێ کات نابێ ))[73] ، ئەو ڕووداوە مێژوویی و کۆنانەی میللەتەکەمان وەك ئەفسانە باسدەکرێن، دیارە بەدەرنین لە مێژووی ژیانی میللەتەکەمان لەسەردەمێك لە سەردەمەکان و نووسەریش بەشێوەیەك لەشێوەکان زیندووی کردونەتەوە و باسیکردوون وەك بیرخستنەوە و دەرس و پەند لێوەرگرتن لەلایەك، لەلایەکی دیکە لەخزمەتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناون. چونکە ((کونستانتین کاڤیس: مێژووی میللەتەکەی خۆی وەك ئەفسانەیەك لەناو شیعرەکانیدا تواندۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت مانایەکی تازە، بەشێوازێکی تازە، لەبارەی ژیان و مرۆڤی هاوچەرخەوە دەربڕێت ))[74].

باسی سێیەم: شوێن

شوێنی ڕووداوی ڕووداوەکان شاری کەرکوکە. ڕۆماننوس هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکە دەیەوێت بەشێوەکی ڕوون وێنەی ڕستەقینەی ئەوشارەمان پیشانبدات، کاتێ هەر دوو کارەکتەر (سالار و شێرە) بە جوڵە دەخات و بە ناو گەڕەك و شەقام و کۆڵان و قەبرستان و شوێنەدیارەکانی دیکەی ئەم شارە دەیانسوڕێنیەتەوە. لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە ئەو شوێنانە کوێن و ناویان چییە، چونکە ((شوێن خۆی واقیعە و یەکێکیش لە ئەرکەکانی ئەوەیە واقیعیەت بە توخمەکانی دیکە بدات ))[75] ، پاشان ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن و دەور و بەری شارەکەشمان نەخشە بۆ دەکێشێ و یەکە یەکە بازاڕەکان دوکان و ئاش و کارگە و چایخانە و نانەواخانە و باخچەکان و بەستی خاسە و چۆنییەتی هەڵکەوتنی بە جوانی وێنەدەگرێ و لە زەینی ئەوانەی دیویانە یان نەیاندیوە دەچەسپێنێ چونکە ((شوێنی واقیعی ئەو شوێنە سروشتیانەن کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیان بینین و لە ناو دەقیشدا هەن ))[76] پاشان دێتەسەر ناوی گەڕەکانی ئەم شارە و بە خوێنەری دەناسێنێ وەك (ڕەحیماوا، ئیمام قاسم، عەرەفە، تەپە...تاد. هەروەها دێتە سەر ناوی ماڵەکانی کۆڵانەکان و بە شێوەیەکی وا ناویان دەبات، کە دابەشی سەر گشت چین و توێژەکانیان دەکات، کە لەگەڕەکێك هەموو جۆرە خەڵکێك دەژیەن، جاری وا هەیە بە واقیعی و کتومت باسیان دەکات وەك ماڵی عەلی کەمال باپیر ئاغا. پاشان دێتە سەر دەروازەی شارەکە، وەك ئەمە ڕێگەی هەولێرە و لە فلان شوێنەوە تێدەپەڕێت . یان ڕێگەی سلێمانی پاشان دێیەکانی سنوری کەرکوك، وەك چیمەن و شوان و ئۆمەرمەندان و وەکاشە...تاد، ئەو شێوە ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەییە لە شوێنەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((واقیعی بوونی شوێن لە ڕۆماندا زیاتر بەمانای هەبوونی شوێن و دیاریکردنی ناو و تایبەتیەکانی و گەیاندنی زانیاری لەبارەی تەواوی وردەکارییەکانی هەر شوێنێك دەگەیەنێت ))[77] .

وەسفێکی واقعیانەی بڵێسەی ئاگری بیرە نەوتەکانی کەرکوک دەکات, لەکاتی شەواندا چۆن ئەو شارە بە بڵێسە و گڕەکانیان ڕووناك دەکەنەوە, لەم بارەوە دەڵێ:

تۆفیق : شەوان کە ئەم شارە دێرینە خشڵ و پولەکی لەسینەو بەرۆکی خۆیدا . ئیتر ستێرەکان لەشەرما , چاو دەنوقێنن و لەدەرەخشان دەکەون . ( ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩: ٦ )

کاتێ کە تۆفیق و سالار دەچن بۆ شاخ یان لادێ لەوێش وێنەیەکی دەقاودەقی واقیعیانەی ژیانی لادێ و دیمەنە سروشتییەکەیمان پیشاندەدات .

باسی چوارەم : کارەکتەر

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لە کەسایەتییەکانی ناو ئەو ڕۆمانە بڕوانین دەبینین هەموویان کەسانێکی ئاسایین و سادەو ساکارن, ڕۆژانە ئەو جۆرە کەسایەتییانەمان بەرچاو دەکەون, چونکە (( قارەمانانی ناو چیرۆکەکە خەڵکانی ئاسایین و هیچ جۆرە خەیاڵێك دەستی لە خولقاندنیاندا نەبووە ))[78] , ئەو کەسایەتییانە بوونیان لەناو شەقام و بازاڕو گەڕەك و شاردا هەیە , کە بریتین لە پیشە جۆراوجۆرەکان, وەکو وەستای گەچ و کرێکار و حەماڵ و دەستگێر و دوکاندار و فەرمانبەر و خوێندکار و ژنی ماڵ و پیرەژن و پیرەپیا و هەرزەکارو...تاد, هەروەکو ستانسلافسکی دەڵێ: (( هەموو چاوگەکان لەناخی ژیانەوەیە، بڕۆ قلانە گەڕەك ژیانی ئەوانە هەموو شتێکت بۆ ڕووندەکەنەوە، کەس لەئاسمانەوە نەهێناوە ))[79] , بەم شێوەیە پاڵەوانەکان یان کارەکتەرەکان بەو ڕەنگەن, کە لەژیانی ئاسایدا یان ڕۆژانەدا ڕوبەڕوویان دەبیتەوەو دەیانبینین, لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی دەقاودەق وێنای نەکردوون و نەیگواستونەتەوە بۆ ناو کارەکەی, بەڵکو هەندێ خەسڵەت و فیکری وای پێداون, کە بەشێوەیەك لەشێوەکان تارادەیەك جیاوازییەکی جوان و گونجاو ببینین, چونکە (( پێویستە کارەکتەرەکان نەبەشێوەیەك واقیعی بن کە بەتەواوی لە کۆمەڵە کەسانێك بچن کە لە واقیعەوە وەرگیرێن بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە نەبێتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژیان. نە هێندەش خەیاڵی بن خوێنەر هیچ خەسڵەتێکی ئەوان لەژیاندا نەبینێت ))[80]

پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو ئەو ڕۆمانە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ئاسایی دەردەکەون, پاشان بەهۆی کارلێکردنیان لەگەڵ ڕووداوو دەوروبەردا گەشەدەکەن, لەبەرئەوەی (( ڕێبازی ریالیزم پاڵەوان وادەردەخات کە لەسەرەتادا تا کۆتایی وردە وردە گەشەدەکات و دەردەکەوێت, نەك وەکو ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم پاڵەوانی ئامادەکراو پێشکەش بکات ))[81] , ئەم شێوەیەش لە کەسێتییەکانی ( تۆفیق, سالار, خاتە, ئەوزاد,... تاد ), دیارە کە وردە وردە لەگەڵ ڕووداوەکان پەرەدەسێنن و گەشەدەکەن, لەگەڵ ئەوەی کە نووسەر گرنگی بە کارەکتەرە سەرکییەکان داوە لەهەمان کاتدا کارەکتەرە لاوەکیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە خستونیەتە خزمەتی گەشەسەندنی ڕۆڵی پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان, ئەرکی پێسپاردوون بۆ ئەوەی ئەوانیش گرنگی تایبەتی خۆیان هەبێت, چونکە ((کارەکتەرە لاوەکیەکان ڕۆڵێکی گرینگ لەدەرخستن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتی و هەڵوێست و ئادگارەکانی کارەکتەرە سەرەکیەکان دەگێڕن ))[82]

ئەمەش لە کەسایەتیەکانی وەك (شێرە و سۆفی محێدن و فقێ رەسول و سیامەند و دایکی تۆفیق و دلێر و باوکی دلێر و... تاد) بەدەردەکەون. ڕۆماننوس لایەنی دەروونی کەسایەتییەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، ئەویش لەو مۆنۆلۆژانە بەدەردەکەوێت، کە لەزۆربەی کارەکتەرەکان لەدیمەنە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەدیاردەکەوێت. چونکە هەر لەکۆنەوە واقیعیەکان ((گرینگیەکی تایبەتیان بەژیانی ناوەوەی پاڵەوان و دیالیکتیکی ڕۆحدا))[83] دەدا . هەروەها بەشێوەیەکی جوان و ورد لایەنەکانی ژیانی پاڵەوانەکانی کێشاوەو سەربە چ چینێکە، باری کۆمەڵایەتی چۆنە, ژنی هێناوە یان نا، خۆشەویستی هەیە یان نا, پیشەی چیە؟ کرێکارە، خوێندکارە، فێڵبازە، جەردەیە، جاسوسە، نیشتمان پەروەرە، یان باری گوزەرانی هەریەکەیان چۆنە؟. دەوڵەمەندە، مامناوەندییە، هەژارە, لەهەمانکاتدا شێوەی بەرەو پێشچوونی ئەو ڕەهەندانە, چونکە ئەمە زۆر گرنگە, کە نووسەری واقیعی لە ڕابردوو و ئێستادا کە دەبێت ((وێنەی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکری کەسیەتی پاڵەوان دەکێشاو وەسفی ژیان و بارودۆخی دەوروبەریان دەکرد ))[84] . نووسەر ئاوات و ئامانجی کارەکتەرەکانی بەجوانی وێنە کێشاوە, کە هەریەکەیان بیرو باوەڕی چۆنە، هەڵوێستی بەرامبەر ڕووداو و گیروگرفت و کێشەکانی ڕۆژگارەکەی چۆنە, چونکە لەم وێنەکێشانە گشتییەدا وێنەیەکی گشتی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بۆ دەرخستوین, لەبەر ئەوە ((بە دوادا گەڕان و ئاواتی پاڵەوان لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی واقیع دەبوونەوە لە میانەی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەدا ڕۆماننوسەکان کێشەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەیان دەربڕیوە و پرەنسیپەکانی ئەو ڕژێمەیان ڕەتکردۆتەوە ))[85] , ئەم هەڵوێستەش لە دیالۆکەکانی نێوان (تۆفیق و حەمەشێن) بە دیار دەکەوێت .

حەمەشێن : کەس نا تۆ

تۆفیق : ئەرە وەڵا من . کێی تر هەیە ئەم ڕەش و ڕووتانە بهەژێنێ و وریایان بکاتەوە؟

حەمەشێن : جوانە... جوانە

تۆفیق : سەعات و نیوێك زیاتر نیشیان پێدەکەیت و ئەوەش کە نەخۆش کەوت و یان مرد چش ...بۆ سبەینێ ، فوڕیەسەرێکی تر جێگای دەگرێتەوە .(ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩ : ٥١ )

جا هەر بەمەش ناوەستێ و بە کردەوە و بەقسە هەڵوێستەکەی دەخاتە بواری جێ بە جێ کردن, هەروەها پێی وایە, کە دەبێ ئەو وەزعە بەم شێوەیە نەمێنێ, بەڵکو دەبێ بگۆڕێ.

تۆفیق : حەمەشێن و توێژە گەندەڵەکەی دڕندەن، بزن مژکن، مۆرانەن دەبێ بنج بڕبکرێن. (ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩ : ٥٤ )

باسی پێنجەم : زمان

نوسەر لە نوسینی ڕۆمانەکەیدا زمانێکی سادە و ساکار و پاراوی بەکار هێناوە, کە زمانی ئاسایی خەڵکە سادەکەیە, نەك زمانێکی ئاڵۆز و ئەکادیمی و ئەدەبی و شیعری, کە دوورە لە زمانی سادەی چینە هەژارەکان, چونکە ((لەڕووی ڕوخساریشەوە، بەتایبەتی لە زماندا نوسەرانی ڕیالیزم هەوڵیاندەدا

زمانێکی پاراو و ڕەوان بەکار بهێنن، بۆئەوەی بە ڕوون و ئاشکرایی گوزارشت لە واقیع بکەن))[86] ، ئەو سادەییە لە زۆربەی زۆری بەشەکانی ڕۆمانەکەدا دیارە، وەك ئەو گفت و گۆیەی کە لەنێوان دوو ژن ڕوودەدات لە بارەی پیاوی بێ ئابڕوو.

- پیاویش هەیە بە وانە دەکەن .
- چڵێس و بێ ئابڕوو زۆرە. (ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩:)

بێگومان زمان یەکێکە لە لایەنە گرنگەکان, کە دەبێ لە نووسیندا ڕەچاو بکرێت, چونکە ئێمە بۆ ئەوە دەنووسین کە پەیامێ بگەیەنینە بەرامبەر, ئەو پەیامەش بێگومان لە هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەبدا زمانە, چونکە ((بۆ هەر خەیاڵ و واقیعێك و هەر ئیستاتیکایەك و پەیام و ئەرکێکیش کە ڕۆماننوس دەیەوێ بە خوێنەرانی بگەیەنێ ئەوا دەبێ زمان بە کار بهێنێ))[87] ، زمانی نووسینی ڕۆمانەکە لەکاتی وەسفەکاندا زمانێکی ئەدەبییە، بەڵام لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکاندا شێوەزاری کەرکوکییە, بە حوکمی ئەوەی کە شوێنی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان شاری کەرکوکە, لەبەرئەوەی ((زۆر ڕۆمان هەن باس لە ڕووداوی ناوچەیەك دەکەن. کە کۆمەڵێ کەرستە لەو ناوچەیەدا هەن و لە ناوچەیەکی تردا نین، یان ناوی شوێن و گەڕەك ئەگەر ڕۆمانەکە واقیعی بێت و ڕۆماننوس ناوی هێنابن. ئەوا ئاساییە ئەگەر بە شێوازی ئەو ناوچەیە بیان نوسێ یان دەکرێ ڕۆماننوس کۆمەڵە وشەیەکی ئەو ناوچەیەی بەخۆی تێدا پەروەردە بووە بخاتە دووتوێی ڕۆمانەکە و بەکاریان بهێنێ))[88] ، ئەمەش بە سەرتاپای ڕۆمانەکەوە دیارە, کە ناوی گەڕەك و شوێن و هەروەها وشە و زاراوەی کەرکوکی بەکار هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە کەسانی دیکە ڕۆڵیان لە ڕۆمانەکەدا هەیە, کە خەڵکی ناوچەی کەرکوك نین و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانن. بێگومان نووسەر نەهاتووە شێوەزاری ناوچەی کەرکوك بەسەر ئەو کارەکتەرانەدا بسەپێنێ, بەڵکو ئازادی پێداون و هەر یەکەیان بە شێوەزاری ناوچەکەی خۆی قسەدەکات, چونکە ((ئێمە دەتوانین لە ڕێی ئەو وشە و زاراوانەی کارەکتەرەکە بەکاریان دێنێ زیاتر بیناسین و ڕەنگە توانای ئەوەشمان هەبێ ئەو شوێنە دەستنیشان بکەین کە کارەکتەرەکەی تێدا گەورە بووە.))[89] ، ئەوەش لە دیالۆگەکانی کەسایەتیەکاندا دەردەکەوێت. لەم ڕۆمانەدا وەکو شێوازی کەرکوك و هەولێر و ناوچەی خۆشناوەتی بەڕوونی دیارە.

ڕەشە کەوش دروو: قاپچییەکی کولیش لەتەکت دانا...(ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩: ٣٦) (ناوچەی کەرکوك)

فەقێ ڕەسول: ئەتوو دەرێی بۆ خەرکی ڕسم دەکەم بەران خەرکەکە بە پوختەیی لە ڕەسمەکانت حاری نابن . (ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩: ٢٥٢) (ناوچەی هەولێر)

سیامەند: جگەرە خەراپ نینە . ئەز غەریبیم پێ دەشکێ . (ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە, ١٩٨٩: ٨٤) ( ناو چەی خۆشناوەتی )

باسی شەشەم : ژن

یەكێك لە باس و بابەتەكانی ریالیزم باسكردنی كێشەكانی ژنانە. بۆ تیشك خستنە سەر ئەو زوڵم و زۆرەی كە لەلایەن كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرامبەریان دەكرێت. جا لەهەر وڵات و شوێنێك بێت. یان لەلایەن دەسلاٌتی سەردەم و بەهۆی زاڵبوونی نەریتی پیاوسالاری یان بە هۆی بیر و باوەری نایینی. نووسەری رۆمانەكە ئەو وێنەیەمان بۆ دەكێشێت. كە ئەمەش گونجاوو كارێكی ئاساییە. چونكە ((لە چوارچێوەی جموجۆڵە كۆمەڵایەتییەكانیدا ... ئافرەتانی چەوساوەو بەشخوراوی كۆمەڵ ...بەشێوەیەكی فراوان لە داهێنانی ریالیستەكاندا رەنگیان داوەتەوە ))[90] هەر لەو روانگەیەوە نووسەر ئەو دیاردەیەی یان لایەنەی فەراموش نەكردووە و بەشێوەیەكی بەرچاو گرنگی پێداوە. بۆ نموونە كوشتنی ژنی سیامەندی هاورێی تۆفیق بەهۆی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییەوە بووە. كە ئەویش ژنهەڵگرتنە. كاتێ یەكێك كە شووتی فرۆشە لە كۆڵانەكە تۆفیق پرسیاری ماڵی سیامەندی لێ دەكات و دەڵێ:

- ئا. دەڵێن. دیسانەوە گوناهی بەملی ئەوانبێت كە ووتیان. گوایە سیامەند لەو وڵاتەوە هەڵیگرتووە.
- دەبێ ئەوە راست بێت. دیارە خەنجەر وشێنەكە خزم و برای ژنە بووە. (رۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە, ١٩٨٩: ٩٢)

یان لەكاتی گرانییەكەدا باسی ئەو ژنانە دەكات كە بەهۆی نەبوونییەوە ناچاربوونە لەش فرۆشی بكەن. هەرچەندە ئەو كارە بەناچاری دەكەن. بەڵگەش ئەوەیە كە نووسەر دەڵێ هەموویان رووی خۆیان داپۆشیبوو تا نەناسرێنەوە. یان ژن هێنانی دووەم. بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ژنی یەكەم بكەن. كە فاتە چەقەڵ بە عەیشێ دەڵێ:

- عەیشێ خوشكم. نورە عەیشێی ژنی بەدڵ نییە, دوایە نورە لادێ ییە.
- - بۆ ژنەكەی ناوی عەیشێ یە؟
- ئا. دەیەوێ جوانێكی شارستانی وەكو تۆ ماربكات. خوشكم رۆژێ كۆشێ پارەی چنگ دەكەوێ. (رۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە, ١٩٨٩: ٩٨)

دانی ژن لەبری خوێن. كە ئەمەش یەكێكە لە داب و نەریتەكانی كوردەواری و زوڵم كردن لە ژنان. كە نووسەر ئاماژەی بۆ ئەو دیاردەیەش كردووە. كاتێ كە لە شایی (سالار)دا. (شێرە) بە هۆی تەقەی خۆشی دەكوژرێ. بۆ ئەوەی سوڵح بكەن كچێك لە (برای شێرە) مارە دەكەن. كە (تۆفیق) دەچێتە لای (نورە) و پێی دەڵێت :

- كاك نوری بۆ ئەوەی كوشتنی شێرەی جوانەمەرگ چارەسەر بكەین و لە چاو كاربەدەستان دیزە بە دەرخۆنە بێت. واچاكە. كچێك لە كچەزاكانی ئەعەشەكرچی لە سمكۆی كورت ماربكەیت و ئاشتەوایی بكەوێتەوە. (رۆمانی هەڵكشان بەرەو لوتكە, ١٩٨٩: ١١١)

ماركردن یان بەشودانی كچ بێ ئەوەی خۆی رازی بێت و مارە برینی لە یەكێكی لەخۆی بە تەمەنتر و بە شێوەیەكی زۆرەملێ. وەك ئەوەی خوشكی (دلێر)ی هاورێی (ئەوزاد)ی كوری (تۆفیقی قالە هەرزانی) باوكی

دەیەوێت بیدات بە کەسێك کە لەتەمەنی خۆیەتی, واتە باوکی هەر لەبەرئەوەی کەسێکی بەدینە. لایەنی ئازایەتیی و چاپوکی و وشیاری و جەربەزەیی ژنی کورد, کە هەر لە دێر زەمانەوە ژنی کوردی پێناسراوە و لەمەیدنی خەبات و کارکردندا هاوکار و پاڵپشتی برا و باوك و مێردەکەی بووە, کە ئەمەش دیسان هەر یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕیالیزم, کە ((وێنەیەکی تازەی ئافرەتی خاوەن هۆشیاری کۆمەڵایەتی و وریا و سەربەخۆ دەرکەوت.))[91] لەم ڕۆمانەدا بەجوانی وێنەی کێشاوە, کە لە کەسایەتی فاتەی ژنی (تۆفیق) و (ئەخشین)ی ژنی (سالار), کە دوای ئەوەی مێردەکانیان بۆ شاخ دەچن سەر پەرشتی ماڵ و منداڵە کانیان دەگرنە ئەستۆ, بێ ئەوەی بهێڵن هیچ بۆشاییەك بە دوور کەوتنەوەی ئەوان دروست بێت, یان وشیار بوونەوەی ژن, کە ئەویش لە هەڵوێستی (شیرین)ی خوشکی دلێر دەردەکەوێت, کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەکایەی سەردەمێکی نوێ ئەوە ڕەت دەکاتەوە, کە مێرد بە کابرایەکی پیرە مێرد بکات.

باسی حەوتەم: ڕەمز و هێما

هیچ نووسینێك یان نووسەرێك نییە, کە هەندێ شتی نهێنی وەکو ڕەمز یان هێما بەکار نەهێنێت, جا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتی سەردەم بێت یان هەر نووسەر بەئارەزووی خۆی ئەمە دەکات, لەم ڕۆمانەدا ئەگەر لەسەرەتاوە لە هەڵۆ سپییەکە ورد ببینەوە, کە چۆن بەسەر شاردا دەسوڕێتەوە, تاوێك بەرز, تاوێك نەوی, تاوێك تیژڕەو و تاوێك هێمن, لەسەرەتا و دەستپێکی هەموو دیمەنەکاندا پێش ئەوەی بچێتە ناو باسەکەی بە هەڵۆ وەسفێکی حاڵەتەکەی دەستپێدەکات, چونکە ((لە ڕۆمانی نوێدا, کارەکتەری دیکە لەباتی کارەکتەری مرۆیی هاتووەتە ناو ڕۆمانەوە وەکو ئەسپ و سەگ و ئەهەنگ و درەخت و...هتد تەنانەت لە هەندێ ڕۆماندا و ڕۆڵی ئەم بوونەوەر و زیندەوەرانە لە کارەکتەری مرۆیی بەرچاوتر و پڕبەهاتر بووە))[92], لە هەمان کاتدا لە خوارەوەش واتە لە سەر زەوی و ناو شار کێشمە کێش و ڕووداوەکان لە کڵپە و پەرەسەندندان, گیانی بەرەنگاریش ڕوو لە هەڵکشانە, تا سەرکەوتنی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨, هەڵۆش وردە وردە ئەو تەوژم و گەڕانەی کەم دەبێتەوە, وەك ڕەنگدانەوەی خوارەوە (شار), یان هەڵوێستی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە بە هۆی سەرکەوتن و هاتنەدی ئاواتەکانیان بە شێوەیەکی کاتی. دیارە ئەو بەرەنگارییەش ڕووی لە کزی کردووە, پاشان , وردە وردە شۆڕش لە ڕێڕەوی خۆی لایدا و لە بەڵێنەکانی پاش گەز بۆوە بەتایبەتی بەرامبەر بە کورد, کە هەژاران دڵیان پێخۆش بوو, بۆیە شۆڕشگێڕان ڕوو لە شاخ دەکەن و شار جێدێڵن, ئەمەش خۆی لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دەبینێتەوە. لێرەدا هەڵۆش لە شار زۆر کز و سست دەبێ و ئەو گەرم و گوڕییەی جارانی نامێنێ. ((هەڵۆی سەر کڵاوەی منارەکەی دانیاڵ پێغەمبەر خەوە نوچکێی بوو . بە چاوێك دەی نواڕی و بەچاوێ وەنەوزی دەدا)) (ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە , ل٢٢١), لەگەڵ گەیشتنی شۆڕشگێڕان بە شاخ, هەڵۆش دەگوازێتەوە بۆ ئاسمانی گوند و لوتکەی شاخ و دۆڵەکان, بە تیژی و بەرزی و ئەوی دەفڕێ, هێز و توانا و وزەی دێتەوە بەر, هەروەها شوێنی گەڕانەکەی دەگوازێتەوە بۆ شاخ و لادێکان و جارێکی دیکە جووڵەی هەڵۆی لە شار باسنەکردووە .

رەمزێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکە بریتییە لە ڕەنگ, ئەویش دیارە لە بیر و باوەڕی ئایدیۆلۆژی و فیکری و سیاسی ئەو کاتەی نووسەر خۆی دەنوێنێ. کە سەر بەلایەنێکی سیاسی ئەو کاتە بووە, ئەو لایەنەش ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بووە، کە ڕەمز و هێماکەی ڕەنگی ( زەرد ە, نووسەر (٥٠) پەنجا جار وشەی (زەرد )ی بەکار هێناوە, جگە لەو وشانەی کە تەعبیر لە ( زەرد ) دەکەن وەك (زیوی، زێڕین، ئێرگز), کە ئەمانیشی زۆر بەکارهێناوە, ئەمەش وەك کۆدێك وایە لای نووسەر .

بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دیار باسی ئەوە ناکات, کە (تۆفیق و سالار و فەقێ ڕەسوڵ و شێرکۆ), کە دەچنە دەرەوە, بڵێ ئەمانە بوونەتە پێشمەرگە و خەباتی چەکدارییان هەڵبژار دووە, کە خۆی لەبنەڕەتدا ئەوانە پێشمەرگەن لە شاخ و بەرەنگاری دەکەن, ئەمەش لەبەر سانسۆر و بار و زروفی ئەو سەردەمە بووە, کە نووسەر ڕۆمانەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە, هەروەها کۆتایی ڕۆمانەکە نادیارە و نازانرێ کە ئەنجامی شۆڕش و شۆڕشگێڕن چی بەسەردێت .

## ئەنجام

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە چەند خاڵێك, کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دیاری دەکات, بەم شێوەیە :

١.ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکەی (عبداللە سەڕاج) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی, کە ڕەنگدانەوەی واقیع بەشێوەیەکی بەرچاو تیایدا دەردەکەوێت. هەروەها ڕۆمانەکە هەموو خەسڵەتەکانی ڕیالیزمی تێدایە، وەکو (شوێنەکانی ناو ڕۆمانەکە لە واقیعەوە وەرگیراون, چ شاری کەرکوك بە هەموو پێکهاتەکانییەوە, چ دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان و لادێکانی.

٢. نووسەر کارەکتەرەکانی لە چینە سادەکانی ناو کۆمەڵ وەرگرتووە, لە چینە ڕەشوڕووتەکانی خوارەوەی کۆمەڵ, لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی زمانە ئەدەبی و ستانداردەکەی لەکاتی وەسفەکاندا کردووە و بەکاریهێناوە, بەڵام زمانی ناوچەیشی لە میانەی دیالۆگی کارەکتەرەکاندا لەبیرنەچووە و بەکارهێناوە.

٣.ڕووداوەکان ئەو ڕووداوانەن, کە لەمێژووی نەتەوەکەماندا ڕوویانداوە, ئەویش بەشێوەیەکی هونەریی دایڕشتوونەتەوە, هەروەها باسی کێشەکانی ژنان و ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە دەرهەقیان دەکرێ کردووە, لە هەمان کاتدا ئازایی و جەربەزەییشیانی فەرامۆش نەکردووە و بەجوانی وێنای کێشاوە و خستونیەتەڕوو.

٤. نووسەر ڕەخنە لەو بارودۆخ و دەسەڵاتە دەگرێ, کە ئەو زوڵم و زۆرداریە بەرامبەر بەنەتەوەکەمان دەکات, بەڵام تەنها هەر بە ڕەخنە نەوەستاوە و هەڵوێستی وەرگرتووە و هاتۆتە مەیدان بۆ چارە سەر و دژایەتی کردنی نارێکیەکان و بەکردەکی بەشداریی لە گۆڕانکارییەکاندا دەکات و هەر وەکو سەیرکەر و ڕەخنەگر نەماوەتەوە.

## پەراوێزەکان

( )فەرهەنگی یاد، پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد ،چاپخانەی مهابات، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦، ل٨٣٢

( ٢ )ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، ئەحمەد سالار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٥، ل١٩٨ .

( ٣ ) س . پ

( ٤ )س.پ

(٥ ) ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ.وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٤، ل٩٠.

( ٦ )قوتابخانە ئەدەبیەکان ، ڕەزا سید حسینی ، و.حەمە کەریم عارف ، چاپ خانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم ،٢٠٠٦ ،ل٩٠ .

( ٧ )ئینسایکلۆپیدیای گشتی ، یاسین صابر صالح ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ،٢٠٠٥ ، ل٥٣٠ .

( ٨ )ڕێبازە ئەدەبیەکان ، د.هیمداد حسێن ، دەزگای بڵاو کردنەوەی موکریان، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم ،٢٠٠٧، ل١١٥ .

( ٩ ) اشهر المژاهب المسرحیه – درینی خشبه ، س ٩٧ .

( ١٠ ) افاق مسرحیه – د. گارق العزاری ، ص١٠٨ .

( ١١ ) اشهر المژاهب المسرحیه – درینی خشبه ، ص١٢٢ .

( ١٢ ) ڕێبازە ئەدەبیەکان – د . فەرهاد پیربال ، ل٨٦ .

( ١٣ ) فەلسەفەی جوانی و هونەر– ئیستاتیکا – د . کەمال میرئاودەڵی ، ل٢٢٧ .

( ١٤ )س. پ، ل٢٢٦ .

( ١٥ ) چیرۆکی هونەری کوردی – زاهیر ڕۆژبەیانی ، چا/ ٢ ، چ – خانی ، ٢٠٠٨ ، ل١٨٢ .

( ١٦ ) پەلکە ڕەنگینە – حەمە کەریم عارف ، چا/١ ، چ/ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٤ ، ل ٢٤ .

( ١٧ ) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا – هاوژین سلیوە عیسا ، چ/١ ، ٢٠٠٩ ، ل٦٢ .

( ١٨ ) دراسات فی ادب الواقعیه والواقعیه الاشتراکیه – عبدالمگلب صالح ، ١٩٧٤ ، ص٩ .

( ١٩ ) ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم – سیروس پرهام ، د.میترا ، و: حەمە کەریم عارف ، ل٣٥ .

( ٢٠ ) مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدەبی – ڕۆشنبیری – حەمە کەریم عارف، چا/ ١ ، ٢٠٠٥ ، ل١٩٢

( ٢١ )س. پ، ل١٠٦ .

( ٢٢ ) واقیعیەتی نووسەر – ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و: دڵشاد کەریم خۆشناو ، ل٩٥ .

( ٢٣ ) زمان و عەقڵ و کۆمەڵگە فەلسەفە لەجیهانی هاوچەرخدا – جۆن سێرل ، و: عەبدوڵڵا زەنگەنە ، ل١٥

( ٢٤ ) ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦ ، ١٩٧٠ – عەباس محەمەد قادر ، ل ٣٧ .

( ٢٥ ) الواقعيه فى المسرح – مهند گابور ، مگبعه الامه – بغداد ، ١٩٩٠, ص٤١ .

( ٢٦ ) اشهر المژاهب المسرحيه – درينى خشبه ، ص ١٦٧ .

( ٢٧ ) چیرۆکی کوردی ڕەخنە و لیکۆڵینەوە – سابیر ڕەشید ، چ/ ڕۆشنبیر ، ٢٠٠٥ ، ل٤٥ .

( ٢٨ )س. پ، ل٤٥ .

( ٢٩ ) ڕێبازە ئەدەبییەکان – د. فەرهاد پیربال ، ل١٠٥ .

( ٣٠ ) مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی – بوکنەر ب . تراویك ، و: حەمە کەریم عارف ، ب/٢ ، چا/ ١ ، ل١٦٥ .

( ٣١ ) اشهر المژاهب المسرحيه- درينى خشبه، المگبعه النموژجيه، الجمهوريه العربيه المتحده دار الپقافه والرشاد الادارە العامه للپقافه، ١٩٦١، ص١٢٥.

( ٣٢ ) ریالیزم و دژە ریالیزم – سیروس پرهام ، د.میترا ، و: حەمە کەریم عارف ، ل٧٠ .

( ٣٣ ) اشهر المژاهب المسرحيه – درينى خشبه ، ص١٢٥ .

( ٣٤ ) مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی – بوکنەر ب . تراویك ، و: حەمە کەریم عارف ، ب/ ٢ ، چا/ ١ ، ل١٧ .

( ٣٥ ) قوتابخانە ئەدەبیەکان – ڕەزا سید حسینی ، و: حەمە کەریم عارف ، ل٩٢ .

( ٣٦ ) اشهر المژاهب المسرحيه – درينى خشبه ، ص١٢٦ .

( ٣٧ ) ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی – پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ٢٠٠٨ ، ل١٣.

( ٣٨ )س. پ، ل ١٣ .

( ٣٩ ) الواقعيه فى الادب الكردى – د . عزالدين مصگفى رسول ، گ/ ٢ ، مگ/ئاراس ، ٢٠١٠ ، ص١٢ .

( ٤٠ ) الواقعيه اليوم وأبدا – بوريس بورسوف ، دار الحريه للگباعه – بغداد ، وزاره الاعلام ، ١٩٧٤, ص٨ .

( ٤١ )س. پ، ص٦٢ .

( ٤٢ )س.پ .

( ٤٣ )ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر ، أحمد سالار ،ل٢٠٧-٢٠٨.

( ٤٤ )ڕێبازە ئەدەبیەکان ، فەرهاد پیربال ، ل١٠٧ .

( ٤٥ ).س.پ

( ٤٦ ) ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦- ١٩٧٠، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٨.

٤٧ ڕێبازە ئەدەبییەکان، هیمداد حوسێن، ٢٠٠٧,ل١٤٨.

( ٤٨ )س . پ ، ل١٠٨ .

( ٤٩ )ڕێبازە ئەدەبیەکان ، د.هیمداد حسین ، ل ١٤٧ .

( ٥٠ ) ریالیزمی نوێ و ئەدەبی کوردی ، د.عیزەدین مصگفى رسول ،چاپ کۆمپیوتەری ڤاری، ٢٠٠٨ ،ل٢٢.

( ٥١ ) قوتابخانە ئەدەبیەکان ، ڕەزا سید حسینی ، و.حەمە کەریم عارف ، ل١١٢ .

( ٥٢ )ڕێبازە ئەدەبیەکان ، فەرهاد پیربال ، ل ١٠٨ .

( ٥٣ )الروايه السياسيه ، عگيه احمد محمد ، بيروت ، ص٧.

٥٤ رێبازه ئەدەبییەکان, هیمداد حوسێن, ٢٠٠٧, ل١٨١.

٥٥ المهامين الفكريه والجماليه فى المسرح السياسى, د. يحيى البشتاوى, دار الكندى للنشر والتوزيع, الاردن- الاربد, ٢٠٠٤, ص٩.

٥٦ شانۆی رامیاری شانۆی خەباتە , سیروان هەورامانی, بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە, چ. وەزارەتی رۆشنبیری, ٢٠٠١, ل٤٨,٤٧.

( ٥٧ )الروايه تاريخ ,جورج لوكاش , ترجمه ,د.صالح جواد كاظم , دار الگليعه والنشر , بيروت ص ٥.

( ٥٨ )س. پ, ص٤٦.

٥٩ الا تجاه الواقعى فى قصص (عبدالمجيد لگفى) القصيره,مسعود سليم حمدامين, رساله الماجستير, كليه التربيه, جامعه كويه, ٢٠٠٦, ص٣٦.

٦٠ سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی, یادگار رەسول باڵەکی, دەزگای سپیرێز. چ. وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٢٠٠٥, ل٣٥.

٦١ چیرۆکی هونەریی کوردی, زاهیر رۆژبەیانی, ٢٠٠٨, ل١٩١.

( ٦٢ )رێبازه ئەدەبییەکان , د.هیمداد حسێن , ل١٤.

( ٦٣ )س.پ .

( ٦٤ )س . پ , ل١٦٢ .

( ٦٥ )قوتابخانە ئەدەبییەکان , رەزا سید حسینی , و.حەمە کەریم عارف , ل١٠٠ .

( ٦٦ )س.پ . ل١٠١ .

( ٦٧ ) رۆمانی هەڵگشان بەرەو لوتکە , عبداللە سەراج , دار الحيه للگباعه , بغداد , ١٩٨٩ , ل٣٠ .

( ٦٨ ) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی , سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی , دەزگای موکریان , چاپخانەی خانی , چاپی یەکەم ، ٢٠٠٩, ل١٥٨ .

( ٦٩ ) قوتابخانە ئەدەبییەکان , رەزا سید حسینی , و.حەمە کەریم عارف , ل ١٠٠ .

( ٧٠ )س. پ, ل٩٠ .

( ٧١ )س. پ, ل٩٠.

( ٧٢ ) رێبازه ئەدەبییەکان , فەرهاد پیربال , ل١٠٢ .

( ٧٣ ) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و رمانی ... , سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی , ل١١٦ .

( ٧٤ ) رێبازه ئەدەبییەکان , فەرهاد پیربال , ل١٠٢ .

( ٧٥ ) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ... , سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی , ل١٣٤.

(٧٦) س . پ ، ل١٣٥.

(٧٧) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ... ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، ، ل١٣٨ .

(٧٨) قوتابخانە ئەدەبییەکان ، ڕەزا سید حسینی ، و.حەمە کەریم عارف ، ل٩٢ .

(٧٩) ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر ، ئەحمد سالار ، ل٢٠٧ .

(٨٠) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ... ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، ل١٨٢ .

(٨١ )ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د.هیمداد حسین ، ل١١٨ .

(٨٢) کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە )ی بەختیار عەلی، د.نەجم خالید ئەلوەندی، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، ٢٠٠٩، ل٥٦ .

(٨٣) ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د.هیمداد حسین ، ل١٣٧ .

(٨٤) س . پ ، ل١٣٦ .

(٨٥) س .پ ، ل٥١.

(٨٦)س . پ ، ل١١٨.

(٨٧) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ... ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، ل٨٩.

(٨٨) س . پ ، ل٩٤.

(٨٩) س . پ ، ل٩٧.

(٩٠ )ڕێبازە ئەدەبییەکان ، فەرهاد پیربال ، ل١٠١.

(٩١) ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د.هیمداد حسین ، ل١٣٧.

(٩٢) کارەکتەر سازی لە ئێوارەی پەروانە ) ، د. نەجم خالید ئەلوەندی ،ل٣٠.

## سەرچاوەکان

### بەکوردی

#### کتێب


١. بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٩

٢. بنیاتی وێنەی هونەریی لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، هاوژین سلێوە عیسا، چ. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩.

٣. پەلکە زێرینە، حەمە کەریم عارف، چ. وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، ٢٠٠٤.

٤. ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە ، عبدالله سەراج ، دار الحرية للگباعه ، بغداد ، ١٩٨٩ .

٥. ڕیالیزم دژە ڕیالیزم ، سیرۆس پرهام- د. میترا، حەمە کەریم عارف، چ. وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، دەزگەها سپیریز یا چاپ وەشانێ، ٢٠٠٤.

٦. ڕیالیزم لە شیعری کوردیدا ١٩٤٦ – ١٩٧٠ ، عەباس محەمەد قادر ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، ٢٠١٠.

٧. ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی ، پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، چ. کۆمپیوتەری ڤان، ٢٠٠٨.

٨. ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، ئەحمەد سالار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٨٥

٩. ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د.هیمداد حسێن ، دەزگای بڵاو کردنەوەی موکرین ،چاپخانەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧ .

١٠. ڕێبازە ئەدەبییەکان ، و. فەرهاد پیربال ، چاپی یەکەم ،چ. وەزارەتی پەروەردە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، ٢٠٠٤.

١١. زمان و عەقڵ و کۆمەڵگە فەلسەفە لە جیهانی هاوچەرخدا، جۆن سیرل، و.عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چ. ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٩.

١٢. سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، یادگار ڕەسول باڵەکی، دەزگای سپیریز. چ. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٣. شانۆی رامیاری شانۆی خەباتە، سیروان هەورامانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چ. وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١.

١٤. چیرۆکی کوردی( ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ) ، سابیر ڕەشید ، چ. ڕۆشنبیری ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٥.

١٥. چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژبەیانی، چ٢، چ.خانی– دهۆك ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٨.

١٦. فەرهەنگی یاد، پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد ، چاپخانەی مهابات ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦.

١٧. فەلسەفەی جوانی و هونەر – ئیستاتیکا ، د. کەمال میراودەلی ، چاپی دووەم ، چ. خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانع ، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانع ، ٢٠٠٥.

١٨. قوتابخانە ئەدەبییەکان ، رەزا سید حسینی ، و.حەمە کەریم عارف ، چاپ خانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٦

١٩. کارەکتەر سازی لە رۆمانی (ئیوارەی پەروانە )ی بەختیار عەلی، د.نەجم خالید ئەلوەندی ، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی ، چ. موکریان، ٢٠٠٩.

٢٠. مەرگی نووسەر و چەند باسیکی تری ئەدەبی- رۆشنبیری ، حەمە کەریم عارف ، چاپی یەکەم ، چ. ئارابخا • کەرکوك ، یەکیتی نووسەرانی کورد لقی – کەرکوك ، ٢٠٠٥.

٢١. میژووی ئەدەبیاتی جیهانی، بوکنەر ب. تراویك، و.حەمە کەریم عارف،ب ٢،چ. خانی – دهۆك، دەزگای تویژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٨.

٢٢. واقیعیەتی نووسەر ، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و. دلشاد کەریم خوشناو ، بەریوبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلیمانی ، ٢٠٠٩.

٢٣. ئینسایکلۆپیدیای گشتی ، یاسین ، صابر صالح ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٥.

بەعەرەبی

الكتب

٢٤. أشهر المذاهب المسرحية ، دريني خشبة ، المطبعة النمونجية ، الجمهورية العربية المتحدة دار الثقافة ولأرشاد الأدارة العامة للثقافة ، ١٩٦١.

٢٥. افاق مسرحية، د. طارق العزاري، ط١ ، دار الكندي للنشر ة والتوزيع ، ٢٠٠١ .

٢٦. دراسات في ادب الواقعية و الواقعية الاشتراكية، عبدالمطلب صالح، شركة تكنوبرس الحديثة، دار الفارابي، بيروت و مكتبة النهضة– بغداد، ١٩٧٤.

٢٧. الرواية تاريخ ، جورج لوكاش ، ت.د.صالح جواد كاظم ، دار الطليعة والنشر ، بيروت (د.ت) .

٢٨. الرواية السياسية ، عطية احمد محمد ، بيروت ، (د.ت).

٢٩. المضامين الفكرية والجمالية في المسرح السياسي، د. يحيى البشتاوي، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن– الاربد، ٢٠٠٤.

٣٠. الواقعية اليوم و أبدا، بوريس بورسوف، دار الحرية للطباعة – بغداد ، وزارة الاعلام ، ١٩٧٤.

٣١. الواقعية في الادب الكردي، د.عزالدين مصطفى رسول ، ط/ ٢ ، مطـناراس ، ٢٠١٠.

٣٢. الواقعية في المسرح ، مهند طابور ، مطبعة الامة – بغداد ، ١٩٩٠.

رسائل الاكاديمية

٣٣. الاتجاه الواقعي في قصص (عبدالمجيد لطفي) القصيرة.مسعود سليم حمدامين. رسالة الماجستير, كلية التربية, جامعة كوية, ٢٠٠٦.

## ملخص البحث

في نهاية البحث توصل الباحث إلى عدد من النتائج :

ظهر بأن الواقعية تجسدت في رواية (هەلکشان بەرەو لوتکة) (الارتقاء نحو القمة) ل(عبد الله السراج)، والواقعية الاشتراكية على الوجه الخصوص. ومن ثم تتجسد في الرواية جل الخصائص الواقعية، فالأماكن أماكن واقعية مثل مدينة كركوك وازقتها والمناظر الطبيعية في كوردستان والقرى الكردستانية. وكذلك فإن الروائي استقى شخصياته الروائية من الطبقة البسيطة في المجتمع خصوصا الطبقة الكادحة (الطبقة الدنيا)، فضلا عن أن الروائي راعى اللغة الأدبية والفصحى في أثناء الوصف، واستخدم اللهجة المناطقية في حوار الشخصيات.

أما الأحداث فهي أحداث واقعية وقعت لشعوب المنطقة وبصورة فنية بحتة، ويشير الروائي في روايته إلى قضايا المرأة ومشاكلها والمظالم الواقعة عليها في مجتمعاتها، في حين لم ينس الروائي الجانب البطولي للماجدات وجسد تلك الصورة بشكل واضح.

وفي جانب آخر ينتقد الروائي الأوضاع الجاثمة على الشعب الكوردي من مظالم سياسية واجتماعية وثقافية، ولم يكتف بالنقد والوقوف كمراقب أمام هذة الصعوبات والمشاكل ، بل يتخذ موقفا صارما ازاءها، فيحاول البحث عن الحلول الناجعة والصحيحة لهذة المظالم، والتغيير نحو الأفضل.

## Abstract

**In conclusion, we reached some points which identify the results of the study as it follows: Abdulla Saraj's novel entitled " Helkşan Berew Lutke" It knowned " Moving to the Top" is one of the novels in which the reflection of reality has been noticed, to a great extent, especially social realism. The novel also includes all the characteristics of realism such as the places in the novel which have been taken from reality, Kirkuk city with all its components, and the natural scenes of Kurdistan and its villages. In addition, the characters have been taken from the lower classes and riffraff of the society. Nonetheless, literary and standard language has been used when describing. However, dialects have also been utilized in the characters' dialogue. The events are those which have taken place in the history of our nation and they have artistically been recomposed. The novel discusses the problems of women, those oppressions and suppressions that happened to them. Meanwhile, the novel has not ignored the courage and difficulties that women have witnessed but it has rather represented their image properly. The novel also criticizes the situation and authorities that caused the oppressions and suppressions of our nation. It doesn't only criticize but it also takes stand, provides solutions, stands against irregularities and practically takes part in the changes; it no longer stands as a by stander and criticizer.**

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# Journal of Kirkuk University Humanity Studies

A Scientific Refereed Journal

Published by University of Kirkuk

Kirkuk / Iraq

Volume 12 Number 2 Year 2017

**Post Address**

Iraq - Kirkuk - University of Kirkuk

P.O. Box: 2281, Post code: 52001

E. mail: journal_kirkukuniversity@yahoo.com

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Editorial Board


| | |
|---|---|
| Prof. Dr. Karem Najim Kader | Editor - in – Chief |
| Asst. Prof. Dr. Sabah Musa | Secretary Manager |
| Asst. Prof. Dr. Zenlabden Ali Sufer | Member |
| Asst. Prof. Dr. Ali Khalil Ahmad | Member |
| Asst. Prof. Dr. Abdulrahman Mohammad Mahmud | Member |
| Asst. Prof. Dr.Hadi Salih Ramadhan | Member |
| Asst. Prof . Falah Salahadin Mustafa | Member |
| Dr . Wisam Ahmad Abdulah | Member |

Technical Coordinator & print

Dana Tahseen Abdoulrahman

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Consultants Committee

**Prof. Dr. Khalil Ali Murad**

**College of Arts, Univ. of Salahddin**

**Prof. Dr. Fa'iq Mustafa**

**College of Languages , Univ. of Suleimaniyah**

**Prof. Dr.. Fileyih Kaream Al-Rikabi**

**College of Arts, Univ. of Baghdad**

**Prof. Dr.. Tawfiq Ibrahim Salih**

**College of Education, Univ. of Kirkuk**

**Prof. Dr. Hussein Audah**

**College of Law, Univ. of Kufah**

**Prof. Dr. Abdul Fattah Ali Yahya Al-Botani**

**Center for Kurdish Studies & DocumentsUniv. of Dohuk**

# Publishing Instruction

- The journal aims to publish substantial scientific papers not previously published in any field of knowledge.
- The researcher should present three copies of the paper typed on A4 besides a ( CD ).
- Number of pages of the paper should not exceed (25) pages; otherwise the researcher has to pay 1 thousand I.D. For any additional page.
- Title of the paper should be on the top centre of the first page. The name of the researcher should be on the top left hand of the first page of the paper. If the is written by two researchers, the second researcher's name should be put on the top right hand. The academic title, name of university and college should be indicated below researchers' names.
- An abstract in Arabic and English should be presented for each paper. It should be within (150- 200) words, showing purpose of the paper, results and recommend actions.
- Printed pictures, diagrams and tables are to be presented in separate pages. They should be given separate page numbers referred to in the body of the paper.

- Issuing in structure Scientific procedure followed:-

A) Evaluation:

The paper is sent to two reviewers. One reviewer is from inside the university while the other is from outside the university. The evaluation is done in strict secrecy and within specialization.

**B) Publication**

**The papers are published according to the dates of submission and proportional to different specializations.**

- **The journal which bears the name of the University of Kirkuk / Humanities Studies publishes papers dealing exclusively with humanities.**
- **Language of the journal.**

**The main language of the journal is Arabic. The journal also publishes in other languages such as English, Kurdish and Turkish.**

- **References are arranged alphabetically and put together with the notes, at the end of the paper.**
- **Legal and scientific rights**

1- **The paper is published under the name of the researcher who receives a copy of it.**
2- **The researcher has the right to present his/her papers for scientific promotion, or malice references to them in other papers.**

- **The time span between submission and acceptance of the paper:**

1- **Three months whether the result is positive or negative.**
2- **In case of delay, the evaluation is extended for one month.**
3- **In the case of refusal or apology by a reviewer, the evaluation is extended for six months.**

**Publication Fees**

1- **100,000 I.D. For Professors.**
2- **75,000 I.D. For Assistant Professors.**
3- **60,000 I.D. For Instructors and below.**

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Contents


| NO | Content | Page |
|---|---|---|
| 1 | The Acquisition of Fricatives and Affricates by Mosuli Children between 2 and 5 years<br><br>Umayya I. Younis Zena M. Khidhir<br>Mosul University /<br>College of Education for Humanities | 1 - 22 |
| 2 | Developing Fluency in the Pronunciation of Iraqi Learners of English: Method and Techniques<br><br>Anmar H. Saeed<br>Mosul University / College of Arts | 23-51 |
| 3 | The Effect of Teaching Practice on Student-Teachers' Conception of Lesson Planning<br><br>Sawgil Mohammed Amin Kitabchy<br>Kirkuk University / College of Education for Humanities | 52-71 |